ئەدیب سوری

شار لە هەڵبوون و گۆڕانەوەیدا

نەژاد عزیز سورمێ

# شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا

***وتاری ڕۆژنامەنووسیی***

**چاپی یەکەم**
**2005**



* نەژاد عزیز سورمێ
* شار لەهەڵبوون و کوژانەوەیدا
* وتاری ڕۆژنامەنووسیی
* چاپی یەکەم - 2005- کوردستان
* دەرهێنانی هونەری و بەرگ: نووسەر خۆی
* جێبەجێ کردنی نەخشەسازی: شکار نەقشبەندی
* ژمارەی سپاردن: 483
* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان - هەولێر

## پەنجەنما

ئەم کورتە وتارانە هەڵبژاردەییێکن لە ناو دەیانی دیکەی وەک خۆیان؛ کە لە کات و شوێنی جیادا لە شێوەی گۆشەی رۆژنامەنووسیدا نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. پرۆفایلی وەختێکن زیاتر پەیوەندییان بە مێژووی نووسینیانەوە هەیە، کە لەوانەیە هەندێ لەو پرسانەی تێیاندا هاتووە هێشتا بهێنێ لەسەریان بنووسرێ، تەنانەت رەنگە ژمارەیەکیان پەل بۆ ئایندەییێکی لە مەودای چاوان نزیکیش باوێن... لەوەشڕا لێرە کۆکراونەتەوە.
ئەوە دەمێنێتەوە کە لە ریزبەندی چاپی وتارەکاندا پتر لایەنی هونەری دەرهێنان و لە چاپدان رەچاوکراوە تا مێژووی نووسین...

***نەژاد عزیز سورمێ***
2005/10/15



*« ... من ئەوم دۆزیوەتەوە برایان!*
*لێرە لەبەرزترین بەرزاییدا کانیاوی*
*لەزت بۆ من هەڵدەقووڵێ...*
*لێرە ژیانێکە هیچ بوودەڵەیەک*
*لەگەڵ من لەو کانیاوە ناخواتەوە...*

*نیتشە »*

وشەو مانا

# A

***ئەی سۆمەر! ئەی وڵاتی مەزن.***
***ئەی لەهەموو وڵاتی دنیایێ مەزنتر..***
***ئەوەتانێ روناهی هەمیشەیی دایگرتووی و***
***خەڵکی لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە؛***
***بەرئەمری یاسا پیرۆزەکانتن..***
***ئەی سۆمەر!***
***ئەی وڵاتی مەزن.***
***یاساکانت بەرزن***
***کەس ناگاتە بناوانی..***
***دڵیشت ئەوەندە بێ گەردو قووڵە***
***کەس ناتوانێ پەی پێ ببا*** **شاعیرێکی سۆمەری (3000پ.ز)**

دوو رۆژی تر...... کۆلکەزێرینەی دوای بارانی راپەرین، ئاسمانی کوردستانەکەم دەنەخشێنێ..



شاباش، بۆ ئەوانەی تاکە تێشوو و چەکی رێگایان؛ تەنیا ئاسۆی رووناک و خەوبینین بوو..

ئەم بەرەبەیانە، چ بەرەبەیانێکە..

ئەم سپێدە وەنەوشەییە، چ سپێدەیەکە..

دنیا بۆ ئەوەندە جوانە..

ژیان بۆ ئەوەندە خۆش بووە..

ئەو بارانە زیوینە چییە، نم نم دەپروشێنێ..

ئەو نێرگزە چڕەو گوڵاڵەسوورانە چین، بەسەر گۆڕی شەهیدانمانەوە دەست لە ملانێی کۆلکەزێڕینەی ئاسمانی کوردستانەکەم وێنەی فەنەر و چرا دەدرەوشێننەوە..

ئا.. ئەوەتا.. ئێمە ئەوەین..

ئەوەتا لەسەر بەرزترین لووتکەی چیامان وەستاوین، دەستی سیزیفەکانی ئەم سەدەیە رادەکێشین.. ئیتر لەمڕۆوە (سیزیف) ئەفسانە نییە. ئێمە ئەگەر بە ناحەقیش لە دەرەوەی مێژوویان دانابین؛ هەرگیز وانەبووین، مێژوویش هەر بۆ خۆی شایەدە کە وا نەبووین، ئەوەتا ئەمڕۆش لە گەورەترین دەرگایەوە جارێکی تر دێینەوە ژوور..

ئەوە ئێمەین، بەناو دژواریی حەسارو برسیەتی و کەندووی

بەتاڵ.. بەناو وێرانە و گەفی دیکتاتۆری زراو لە دیموکراسییەت ڕژاو، بەپێی خاوس و شاقەڵی دڕاوەوە، بەڵام بەچاوی روون و گەشبین و بەهیوای روونترەوە.. رووەو ئاسۆ دەچین و (پەرلەمان) دادەمەزرێنین..

هەنگاو بەهەنگاو.. پێ بەپێ.. دەست لەناودەست..

هەمیشە هیواو ئومێد و خەوبینین..

هەمیشە ژیان..

**1992/5/15**



## B

لەگەڵ سەرکەوتنی ئیرادەی گەل؛ لە سووربوونی لە پێکهێنانی (پەرلەمانی کوردستان)و بەرقەراری قانوون و دواییهێنان بەو پاشاگەردانییەی، کە بەشی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی رژێم... دیارە دەبێ بەهەموولایەک هەوڵ بدرێ دەرگا داخراوەکان بکرێنەوە و ئەمجارەش هەموومان پێکەوە ببین بە هەتاو و پێشوازی لە بەهاری تازەمان بکەین..

ئەمەش ویست و ئیرادەی گەلەکەمانە، کە بەڕاشکاوییەوە لە کاتی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش دەری بڕی..

ئیتر بەسەرچوون ئەو رۆژانەی وەک ئاژەڵ سەیر بکرێین؛ لە کاتێکدا (بەدان پیانانی دۆست و دوژمن) چرۆ و بشکوژی

یەکەمین شارستانیەتی دنیا؛ چەندین هەزار ساڵ پێش مێژوو، لێرە لە کوردستاندا پشکووتووە و تەرزی داوە..

کاری گران لێرە بەدواوەیە..

ئەمە یەکەمین هەنگاوە.

بنیاتنان چەندی کارێکی شارستانی و ئاشتیخوازانەیە و ئیکسیری بەردەوامی ژیان و بەرەوپێشچوونە..

هەروا ئاسانیش نییە.

بەڵام دیارە بۆ گەلێکی خانەوێران و لێقەوماوی، قاڵبووی ڕۆژانی ڕەشی درێژدادڕ... بۆ گەلی خاوەن هەزاران داستانی قوربانی.. گەلی خاوەن (ڕاپەڕین)و ریشەکێشکەری کاولکارە هەمەجییەکان... مەحاڵ نییە.

بۆ دوور بڕۆین؟

هەردوێنێ بوو؛ لەگەڵ دەیان کارەساتی وا کە تەنانەت ویژدانی هێنایەوە بەر بێویژدانەکانیش و ئینسانیەتی هەژاند... وێڕای برسیەتی و بێکاری و گرانی لەڕادەبەدەر و چەندین ئابلۆقەی بەسەرماندا سەپاوەوە؛ کە ئێستاش هەر بەردەوامە.. بەوێنەیەکی شارستانیی بێ وێنەو؛ بەگوڕوجۆش و هەست بە



لێپرسینەوە و بەتەنگەوەهاتنێکی بێ هاوتا، گەلەکەمان بەشداری هەڵبژاردنی کرد؛ تەنانەت وەختی بەهۆی مەرەکەبەوە هەڵبژاردن دواخرا پیرەمێردێک وتبووی: «ئینجا با مەرەکەب نەبێ، قەیدی چییە.. با لەباتی مەرەکەب سەری پەنجەمان داغ بکەن... ساڵەهایە دوژمنان، جەرگ و دڵمان داغ دەکەن، چی تێدایە ئەگەر بۆ کارێکی پیرۆزی وا، سەری پەنجەمان لەباتی (لە مەرەکەب هەڵێنان) داغ بکرێ، بەڵام هەڵبژاردن بەڕێوەبچێ و دوانەکەوێ»

ئا ئەمەیە واقیعی نوێی گەلەکەمان.. بۆیە دەخوازێ پەرلەمانمان لە ئاست ئەو واقیعەدا بێ.. کە بێگومان هەموومان بە ئومێدێکی زۆرەوە بەو هیوایەین.

جارێکی تر لەگەڵ سەرکەوتنی ئیرادەی گەلدا، سەرکەوتووبێ پەرلەمانی ئومێدو هیواو خەوبینین.. بڕووخێ کاولکاری.. ریسواتر بن کاولکاران.. بژی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان.

**1992/5/21**

C

*تۆی، لە ترسی شەپۆلان*
*دەریاوان دەستت پێوە دەگرێ..*
*تۆی رێ پیشاندەری راوچییان*
*لەو رێ و بانانەی سەرەتاو دیماهیان نییە..*
*تۆی چارەنووسی ئەوانە دیاری دەکەی*
*فێڵ لە (وەزن) و (حیساب)دا دەکەن و*
*سزای ئەو دادوەرە دەدەی عەدالەت ناگرێتە بەر*
*تۆی سزای ئەو بەرتیل خۆرانەیش دەدەی*
*رێ ون دەکەن..*
*هەر تۆیشی هەژارەکانت لە بیرەو داکۆکییان لێ دەکەی*
*ئەی (ئوتتو)*
*ئەی رابەر و روناهی هەموو شتێک*

**تێکستێکی سۆمەری سەدەی حەفتەمی**
**پ.ز**

کەواتە ئەمە واقیعە.. لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکیشدا ،لەگەڵ باری نالەباریشماندا ،دامەزراندنی پەرلەمان و دیاریکردنی کورسییەکان و دەسبەکاربوون لە وەختێکی پێوانەییدا، نیشانەی شەیدایی گەلەکەمانە بۆ ژیانێکی ئازاد و ئاسوودەی لایەق بە



ئینسان و دەربڕینێکی راشکاویشە لەبەرابەر هێزە هەمەجییە دژە مرۆییەکان و نموونەیەکی کەم هاوتایشە لە خۆشکردنی زەمینە و هەلومەرجێکی دیموکراسی لە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.. جا ئەگەر لە تاقیکردنەوەی پیادەکردنی دیموکراسییەتدا لە شوێنێکی وەکو کوردستان، کە سەرەڕای چەوسانەوەی کەڵەکەبووی دەیان ساڵ و سەرەڕای ئێستای حەسار و برسیەتی و بێکاری و...تاد، پێویستە لە دەسبەکاربوون و لە بە واقیعکردنی خەونە رەوایەکانماندا، زۆر شت بەبیر خۆمان بێنینەوە و زۆر شتی دیکەش لەبەرچاو بگرین.

لە پێشەوەی ئەو شتانەیش، رێزگرتنی ئیرادەی گەلەکەمانە، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و بەویست و ئارەزووەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیدا کرد، نەک بە لوولەی تفەنگ و هەڕەشەی نان بڕین و ترس و گرتن و کوشتن.. ئەوەمان لەبەرچاو بێ، ئێمە هەموومان بە خوێنی شەهیدەکانمان و لەسایەی سەروەریی و لە خۆبوردوویی ئەوانەوە توانیمان بێ دوودڵی و گومان پەرلەمانی کوردستان بکەین بە واقیع.. بۆیە ئەندامی پەرلەمان، وێڕای بەرپرسیاریەتی قانوونی، مەسئوولیەتێکی ئەخلاقیشی لە ئەستۆدایە، کە بەقەد رەوانی ئەو رووداوە خوێنانەیە،ساڵەهایە دەڕواو وەستانی نییە..

ئەو مەسئوولیەتە ئەخلاقییەش، من وەک هاووڵاتییەک زیاتر

لەوەیدا دەبینم، کە ئەندامی پەرلەمان بەوپەڕی سەراحەت و جورئەتەوە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بکا، بەو ڕێگایەی دەچێتەوە بەرهەڵێکی فراوان و لەو میحنەتەی تێیدایە ڕزگاری دەبێ.. لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدا سیاسەتی پەرلەمان بەرەو ئەو ئاسۆیە ببا، مەسەلەی ڕەوامان بەڕاشکاویتر بۆ دوورونزیک باس بکرێ و ڕێگەچارەیەکی بەپەلە بۆ تەنگ و چەڵەمە هەنووکەییەکانمان دیاری بکا، لە پێشەوەی ئەو تەنگ و چەڵەمانەیش، گیروگرفتی ئابووری و چارەسەرکردنی مەسەلەی ئابلۆقە و گرینگیدان بە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە وەک بەشێک لە بیناکردنەوەی ئینسانی کورد.. دیسان پەرلەمان بەگشتی (هەر لە ئێستاوە) ئەوەی لە پێشە، دوای ئەوەی دەزگاکانی ڕاپەڕاندن دەکەونە کار، مشورێکی ساڵی ئایندەی خوێندن بخوا، لەڕووی دابینکردنی پێداویستیی قوتابخانە و مامۆستایان و پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندنەوە.. هەروەها لە دانانی سنوورێک بۆ مەسەلەی بێکاری، بەتایبەتیش لە ریزی ئەوانەی خوێندنی باڵایان تەواوکردووە و چەندین ساڵە سەبارەت بە هەلومەرجی نالەبارەوە بواری کارکردنیان نەبووە.. بێگومان گەلەکەمان بە هیواو ئومێدێکی زۆرەوە چاوی بڕیوەتە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان بە نوێنەری خۆی دەزانێ.

**1992/6/10**



## D

(ناصرالدین النشاشیبی) ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی فەلەستینییە، بە عەرەبی دەنووسێ... تا ئەوکاتەی کتێبەکەیم «الحبر اسود.. اسود» نەخوێندبووەوە، بەشەوقەوە بەدوای گۆشە بەردەوامەکەی لە گۆڤاری (المستقبل)ی لەندەنیدا دەگەڕام.. تا ئەوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر بەڕێکەوت یەک دوو نووسراویم دەستکەوت، لەوانیش ئەو کتێبەی کە وەک خۆی دەڵێ؛ چیرۆک و سەربردەی ڕۆژنامەگەریی و فەرمانڕەواو شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.. ئەم تایتڵەش دیارە جێی سەرنج و تێڕامانە.. بەڵام نەشاشیبی، لەوێدا، لەو کتێبەڕا، لەهەموو نووسراوەکانی دیکەی کە پێشتر خوێندبوومەوە، پەشیمانی

کردمەوە.. نەشاشیبی زۆر بەبێ شەرمی لەلاپەڕە (**233**)ی کتێبی ناوبراودا دەنووسێ: «إن نجاح حركة الاكراد المرتقب اشبه بـ(إسرائيل كردية) في جزء اخر من الوطن العربي»، تا دەگاتە ئەوەی بنووسێ: «كيف يجوز لأي عربي أن يؤيد إنفصالا كرديا عن أرض عربية؟» (!!)

دیارە کە ئەم قسە بێ سەروبەرانە پێویست بە لەسەر نووسین ناکا، ئەوەندە نەبێ، کە ئەگەر خاوەنەکەی هێشتا لە ژیاندا بێ و نەمردبێ لێی دەپرسین: کام (ئەرزی عەرەبی)؟! ئەوەی سیانید و خەردەلتان بەسەردا باراند؟ یا ئەوەی (ئەنفال)تان کرد و بەسەدان گوندتان لێ تەخت کرد و بەسەدان هەزار کوردتان لێ کوشت و شوێن بزرکرد، ئەوانەی هەزاران ساڵە لەم خاکە دەژین، کە بەدان پێدانانی دۆست و دوژمن؛ بێشکەی یەکەم شارستانیەتی دنیایە.. من لە نەشاشیبی دەپرسم؛ ئەوانەن ئیسرائیلی کوردی لە ئەرزی عەرەبی دروست دەکەن؟ ئەگەر نەشاشیبی (فەلەستینی؛ خاوەن مەسەلە (!) بەهۆی ئەوەی تا ئەم دووسێ ساڵەی دواییش، پێیەکی لە پایتەختێکی عەرەبی و ئەوی دی لە پایتەختێکی هەندەران بووبێ و نەپرژابێتە سەر ئەوەی بزانێ ئەو (أرض العربية)ی بە ئازادبوون (ئیسرائیلی کوردی) لێ دروست دەبێ چییە؟

من ئامادەم لێرەوە، لە کوردستانی بەخوێن و ئارەقە وماڵوێرانی



کارەساتەوە ئازاد، تەنها پیکابێک سەرچاوەی بە عەرەبی و ئینگلیسی و ئەڵمانی و هەندێ سەرچاوەی دیکەی تر، کە بە زمانە هەرە دێرینەکان نووسراون بۆ بنێرم. تاکو بزانێ ئەو (أرض العربية)ی ئەو دەڵێ کوێیە و کوێ دەگرێتەوە. ڕاستییەکەی هەر ئەوەندەش دەنێردرێ، چونکە بەهۆی ئابلۆقەی داکۆکیکارانی کێشەی فەلەستین (!!!) لە وڵاتی نەوتاویماندا، سووتەمەنی تەنها بایی پیکابێک مەیسەر دەکرێ، دەنا ئامادەبووم زیاتریشی بۆ بنێرم.. بەڵکو نەختێک تێبگاو شەرم لە خۆی بکاتەوە و خەجاڵەت بکێشێ.

**ئەیلوولی1991**

# E

ئێمە راهاتووین لە بەفر.. هەمیشە دڵمان، وێنەی بەفری دوندەکانمان سپی و بێگەرد بووە.. هەر ئەوەش ئیکسیری مانەوە و هەستانەوەمان بووە، چونکە پیلانەکان زۆر لەوە رەشتر بوون بڕوا بکرێ..!

وا ئەمساڵیش هەواڵەکان رادەگەیەنن، گوندە پێکوڕەکانمان بەفر داپۆشیونەتەوە، لەوەختێکدا کوردستانەکەم دووچاری کۆمەڵێک ئابلۆقە بووە، ئابلۆقەی سرووستیش خەڵکی ستەمدیدە و چەوساوەی گوندەکانمانی تەنگاو کردۆتەوە... لێی شەهید کردووین.. رێگاو بانەکانمانی گرتووە.. بەڵام ئێمە لەگەڵ



بەفردا مێژوویەکمان هەیە.

بەفریش وەکو دڵمان سپییە.. کێ زات دەکا لە دڵی خۆی جیابێتەوە؟

ئەی هەوارو گوند و دەوارنشینە پەرەوازەکانی نیشتمانەکەم! ئێوە بەخۆڕاگری و بەرەنگاریتان گرتان لە بەفریش بەرداوە.. ئەوەتا ئێمەش بە بڵێسەی هێمنی سووتانی ئێوەوە گەرم دەبینەوە...

ئەی دەوارنشینە پەرەوازەکان.. دەڵنیابن بەفر دەتوێتەوە.. دڵنیابن بەفری ئەمساڵ مژدەی بەهارێکی نوێیە.. دڵمان لەگەڵتانە..

شوباتی **1991**

F

دوو ڕۆژی تر، دنیا هەمووی یادی ساڵڕۆژی گەورەترین کۆڕەوی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەکاتەوە؛ کۆڕەوی ملیۆنیی کورد کە بەهەناسە و فرمێسک و ئافرەتە بێ دەرەتان و پیرە پەککەوتەکانمان، جەللادەکانمان لە دۆزەخی رق و کینەی خۆیاندا بەجێهێشت و ویژدانی لەمێژ نووستووی دنیامان راچڵەکاند و بەگیانی خۆمان، گیانمان هێنایەوە بەر شارستانییەت...

هەتا پاریش شارستانییەت لە ئەشکەوتە هەزار بەهەزارەکاندا قاچی لێ راکێشابوو و لێی خەوتبوو، ئێمە چووین دوارِۆژی خۆمان وەک هەموو جارێ خستە مەترسییەوە و بووین بەسەدان جۆگە و رووبار و دامانە کێو...



ئەگەرچی وشکاییەکی لەڕادە بەدەریشمان بەدواوەبوو، بەڵام لە چاوترووکانێکدا چووین شارستانیەتمان بە خەبەر هێنایەوە.. چووین بەسەر وێرانە و گۆڕستانە بەکۆمەڵەکانمان رابردین، دەشت و گرد و دۆڵ و چیاکانمان کرد بەشایەد؛ کە سەدەی بیستەم لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا ئیتر خۆی بە زرِەدارێکی مایەپووچ و بێ سوود نابینێ.. لە ساڵڕۆژی کۆڕەوی ملیۆنیی ئینسانی کورددا سیاسەتمەدارانی دنیا لەسەریانە هەوڵ بدەن بنبەستەکانی چاخی سەهۆڵبەندان بکەنەوە و دڵەکوتەی ئەم سەدەیە چارەسەر بکەن و بەرهەڵێک بۆ ئادەمیزاد دروست بکەن، کە ئیتر لە ژیانێکی لایەق بەخۆیدا، چارەنووسی بکەوێتەوە دەستی خۆی..

**1992/3/29**

## G

هەردوو دەزگای (دائرة الشؤون الثقافية العامة) و (المأمون) لە عێراقدا، ساڵ نەبووە دەیان کتێب بە زمانی عەرەبی بڵاونەکەنەوە، تەنانەت ئەمساڵیش کە وڵات بەهۆی موغامەراتی رژێمەوە هاتەوە سەر ساغە و چەندین ساڵ بەرەو دواوە گەڕایەوە، کەچی ئەم دەزگایانە لە دانانی پلانی خۆیان لە بە چاپ گەیاندنی کتێبی هەمەجۆر نەکەوتوون. .لەحاڵێکدا دەزگا کوردییەکانی دەوڵەت(بەحیساب) بۆ خزمەتی ئەدەب و کولتووری کوردی دایناون لە کاتی ئاساییشدا نیوەی چارەکی ئەو ژمارانەیان پێ دەرنەچووە، کە ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکی وا نالەباریشدا بە عەرەبی دەردەچن.



ئەوەتا لەوەختێکدا رۆژنامە و گۆڤارەکانی رژێم بەعەرەبی دەریان دەکا وەکو خۆیانن و بەهەمان گەرموگوڕییەوە دەردەچن. کەچی (داری سەقافە و نەشری کوردی) بەهەموو هێزییەوە پاش ئەو هەموو ماوەیەی شەڕی تێدا وەستاوە دێ دوو گۆڤاری جیاواز (بەیان و رۆشنبیریی نوێ) لەیەک بەرگدا بڵاودەکاتەوە!!

**1991/12/14**

# H

***ئەو قورساییە گەورەی هەڵی دەگرین،***
***ئەو تیشکەیە کە لەگەڵ خەڵکی تردا نایبەشینەوە.***
***گرینگ نییە روناهی دەست بخەین، گرینگ ئەوەیە بیبەشینەوە و بڵاوی بکەینەوە.***
***(ریتسۆس)***

دوو مەڵبەند ئەمڕۆ لە ئاوێنەی رووناکبیریماندا رەنگ دەدەنەوە، مەڵبەندێکی تیشکاوێژ کە روناهی بەتەنیا لەخۆیدا بەند ناکا، بەڵکو چەپک چەپک بەدەوروبەردا بڵاوی دەکاتەوە.. تیشک لەو مەڵبەندەدا هەمیشە نوێیە و بۆنی نان و بارانی لێدێ، چونکە نامێنێتەوە، پەنگ ناخواتەوە. بۆیە ئەو مەڵبەندە دەبێ بەسەرچاوەی پاکی و میهرو ئادەمدۆستی و سرووشتپارێزی و ژیان.. بەپێچەوانەی مەڵبەندی دووەم، کە لەوەتەی هەیە



(رووناکی) تەنیا هەڵدەلووشێ.. بێ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان بیر لەوە بکاتەوە عەکسی بکاتەوە.. ئەو مەڵبەندە بەهۆی کەڵەکەبوونی رووناهییەوە تیایدا بووە بە پەڵەیەکی رەش، وێنەی دەمی چاڵە زبڵێک وایە هەردەم روناهی هەڵدەلووشێ... تەنانەت لە تیشکی چاوی جگەرگۆشەی خۆشییەوە هەڵدێنجێ..! ئەم مەڵبەندە زیاتر لە برینێکی پیس و ئاودز دەچێ لەوەی لە مەڵبەندێکی تیشک هەڵلووش!!

لە کاتێکدا مەڵبەندی یەکەم وێنەی ئەو کانییە ساف و زیوینەیە لە کەشوهەواو سرووشتێکی دڵئاوێزەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە دەبینین بە پێچەوانەی مەڵبەندی دووەم، مەڵبەندی یەکەم سەرچاوەی هیواو خەوبینینە.. سەرچاوەی ژیان...

**1991**

## I

هینریخ شلێمان... ئێمە ئەو ناوە ناناسین لەوە زیاتر ناوێکی ئەڵەمانییە... بەڵام ئەو شلێمانە ئەیووبێکی دیکەیە.. «تەنانەت لە تاقە پیتێکیشی نەدەگەیشتم» کە هێشتا مێرمنداڵ دەبێ و لە دوکانێکدا ماوەی پێنج ساڵان کاردەکا، شەوانە گوێی لەو کابرایە دەگرت کە دەهات و بەخۆڕاییی دەیخواردەوە، هەر لە بری ئەوەی شیعرەکانی (هۆمیرۆس)ی بە زمانە ئەسڵییەکەی بۆ بخوێنێتەوە.. لەگەڵ ئەوەی وەک خۆی دەڵێ لە تاقە پیتێکیش نەدەگەیشت.. بەڵام «ئاهەنگی وشەکان دەیانورووژاندم و کاریان تێدەکردم»، لێرەوە، لەو نوختە بچووکەوە شلێمان خەونی بە



(تەڕوادە) بینی... دوابیش هەر لەڕێی زمانی (هۆمیرۆس)ـەوە توانی نەک هەر زمانی گریکی کۆن، بەڵکو سێ چوار زمانی زیندووی دنیاش فێربێ و لە ئاکامدا کۆنە هەوارو پاشماوەی (تەڕوادە) بدۆزێتەوەو پەردە لەسەر مەڵبەندێکی شارستانیەتی کۆنی گریک و دنیا هەڵداتەوە.. هەر ئەوەش نا، بەڵکو بیشی سەلمێنێ کە (تەڕوادە) کاتی خۆی بەهۆی سووتانەوە وێران بووە.. شلێمان شایەدنامەی دکتۆرای پێدرا.. لەمێژووشدا ناوی (تەڕوادە)و گریک بێ ناوی شلێمان دێ.. وای دەبینم ئیرادەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەو بنیاتنانە، نەک ونبوون و رووخان، ئەگەر لە مەناخێکی پاکدا پەروەردە و ئاراستە بکرێ.

**1991**

J

بەیانی (روانگە) ـ لەگەڵ پارێزەر وەرگرتنیشم لە بەرابەر هەندێ لەو بۆچوونانەی تێیدا هات

لە هەلومەرجی لەباری بەگوێرەی ئەوسای رێککەوتننامەی ئازاری **1970**، کە شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر بە رژێمی عێراقی سەلماند، سەرەتای ئاو لێ بەردانی ئەو گۆمەبوو، کە زۆری نەمابوو، تا بەخۆی ڕادەگا، دەوروبەریش بتەنێتەوە!!

روانگە، باوەکو لە وەختی خۆیشیدا دانوستان و حەفت و هەشتی زۆری لەسەر کرابێ کە پێموایە ئەمەش یەکێک بوو لە نیشانە دیارەکانی، لەوەی پێش هەموو شتێک کولتووری کوردی



لە قۆناغی مەسەلە سەلمێندراو و بەڵگەنەویستی و دەق گرتوودا، بەرەو ئاسۆی پێداچوونەوە و گفتوگۆ و دیاریکردنی نوختە لاوازەکانەوە برد..

کەچی (راپەڕین)، کە وەرچەرخانێکی مێژووییە لە رەوتی مێژووی خەباتماندا، جێی داخە رۆشنبیرانمان تائێستا شتێکی بەقەد هەلومەرجی ئێستایان نەخولقاندووە..

ئێستاش رۆشنبیریمان هەر لە قاوخی خیتابی یەک لانییەوە دەرنەچووە کە لەمەشدا زیاتر بە بازاڕی عەرز و تەڵەبەوە پەیوەستە.. لەکاتێکدا (روانگە) بە ئامرازی زۆر دواکەوتوویشەوە توانی گەلێک زەوی بەردراو بکێڵێتەوە..

**1991** حوزەیرانی

## K

له قاڵبدان و داپۆشینی دەق به تیوری خواستراو و تیوراندنی (دەق) لای داهێنەر پێمانیە زیندوویەتیی بەدواداچوون بگەیەنێ و له کەنارەکانەوە بەرەو قووڵایی بچێ، ئەوەندەی بەهۆی خودی دەقەکەوە دەتوانێ.. (له حاڵێکدا ئەگەر داهێنەر دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ).

بەداخەوە تائێستا (له هەندێک دیاردەوە بترازێ)، تیوراندنەکانی داهێنەری کورد (بەتایبەتیش لای شاعیران)، زۆربەیان خواستراو و داسەپاو (اسقاطی) بوون، لەوەی له ئەزموونی (دەق)ەکە خۆیەوە هاتبن، یا بەلای کەمەوە له ئەزموونی خاوەن دەق (داهێنەر)ەکەوە هەڵێنجرابن!!

بەڕای من ئەگەر دواکەوتوویی رەخنەی کوردیش هەر بەهۆی ئەم



دیاردەیەوەیە (ئەگەر بکرێ ناوی لێ بنرێ دیاردە)، بەتایبەتیش لەوەندەی پەیوەندی بە (دەقی داهێنانی کوردی)یەوە هەیە.

بێگومان بەمەش داهێنەر له تیوراندنی (دەق)دا نەک هەر ناگاتە قووڵایی، بەڵکو هەمیشە له لێوارەکانەوە دەگیرسێتەوە..

تائێستا داسەپاندنی فۆڕمی خواستراو بەسەر (دەق) داو لەبەرکردنی کراسی ئەم و ئەو له تیوراندنی داهێنەری کورد بۆ (دەق) بەداخەوە کورتی هێناوە.

**1991**

# خەونەکانیشمان برانە بازاڕ

**هەر یەکێک لەئێمە، ئەوەی دەکوژێ خۆشی دەوێ**
**ترسنۆک بەماچ و ئازا بەچەقۆ...!**

**ئۆسکار وایڵد**

ناوی چیی لێ دەنێی؟

تا بە بەرهەمی بیست سی ساڵەی خۆی رادەگا، هی باب و باپیریشی لە بازاڕی رەشدا هەرزان فرۆش دەکا، بچێت لە هەندەران لەسەر (فەقیرانەی بەلەدیە) بژی...

ئەوەندەی پیاو بیری لێ دەکاتەوە نازانێ چیی ناو لێ بنێ.. هەیە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە مەردانە خۆی لەبەر چەندین پاڵەپەستۆی هەمەلایەندا راگرت و وڵاتەکەی بەجێ نەهێشت...

ئەدی ئێستا بۆچی واکەوتەوە؟.... بێگومان (ئەگەر کەسێک



هەبێ وەڵامی بداتەوە). ئەمە لەخۆیدا پرسێکە..

راپەڕین بۆ خەڵکی کوردستان وای لێ هاتبوو لە خەونێکی ئەفسانەیی دەچوو.. کەچی کە بوو بە واقیعیش، بەو شێوەیە خەریکە بەرەواژ دەبێتەوە کە دەیبینین.. ئامانجدارو بێ ئامانج، گۆڕاو و نەگۆڕ، ئەم دیوو ئەو دیوی مافوور وەک یەکیان لێهات.. بەڵام تۆ بڵێی ئەم بارە پاساوی سەرهەڵگرتن و تەرکەوڵاتی بداتەوە؟ ئەمە وا دێتە بەرچاو، کوڕێک دایک و باوکی نەخۆش و بێ دەرەتان بووبن بە بار بەسەریەوە، ئەویش لە باتیی ئەوەی خەمێکیان لێ بخوا، دوور لەهەموو بەهاو نرخێکی ئینسانی و ئەخلاقی بەجێیان دێڵێ و دەیاندانە دەست قەدەر...

لەوێشدا لەناو دۆزەخی غوربەت و نامۆییدا هێندەی پێناچێ ئۆقرەی نامێنێ و ئارامی بۆ نیشتمان لەبەر هەڵدەگیرێ...!!

لێرەدا پرسەکە جارێکی تر دێتەوە پێش داخۆ لەمەدا کێ بەرپرسیارە؟ پەرلەمان، حکوومەت، بەرەی کوردستانی؟ سەرکردایەتی و بەرپرسی حزبەکان؟ کە هەموولایەکیشیان وەک دەڵێن نیشتمانەکەمانیان خۆش دەوێ...

کەواتە خودایە نیشتمانەکەمان پێشتر لەوانە بپارێزە کە خۆشیان دەوێ.....

**1994.11.3**

# زمانەکەمان

تۆ وەرە بیری لێ بکەوە، وڵاتێکی وەک فەڕەنسا، فەڕەنسای رامبۆ و ئاراگۆن و سارتەر و ئێلوار و بریڤێر و کامۆ و دەیان کەڵە شاعیر و نووسەری تر کە زمانی فەڕەنسی ژەکی پێیانەوە گرتووە، فەرەنسای زانکۆ و ئەکادیمیا و دەزگای کولتووری بەناو و دەنگ... لە خەمی زمانەکەیانن، بەو رادەیەی بە قانوون سزای ئەوانە دەدەن وشەیەکی بیانی بەکاربهێنن، لە کاتێکدا بەرابەری بە فەڕەنسی هەبێ..!!

کەچی ئێمە تائێستا بە نیمچە بڕیارێکیش زمانەکەمان بەسەرنەکردووەتەوە، ئەگەر جێبەجێیش نەکرێت بۆ مێژوو بمێنێتەوە.. باسی ئەوەش ناکەم کاربەدەست و فەرمانبەری حزبی



و حکوومیمان هەیە، جێی داخە (نەک بەشەرمەوە) بگرە (بەفەخرەوە) کوردی نازانن و پێیان وایە لە پاڵ زمانێکی ئەورووپیدا، عەرەبیزانیی سەرو زیاد بێ!!

لەم راستەدا رۆشنایی دەچێتەوە سەر ئەوەی داخۆ دەسەڵاتی نیشتمانی چی بۆ رۆشنبیری و کولتووری سالآنی ساڵ گەمارۆدراومان کردووە؟

چ هەنگاوێکی بۆ زمانەکەمان هەڵێناوە، کە یەکێکە لە بنەما هەرە گرینگەکانی بوونمان.. لە بارودۆخێکی دووچاری سنگەکوژێی وەک ئەمڕۆ لەسەرمانە جاروبار زمانەکەمان لە بیربێ، چونکە (سبەینێ) منەتی من و تۆ نازانێ..

**1994.11.6**

# کاروباری وشه

وا پێدەچێ (کاروباری وشە) لەناو هەراو ژاوەژاوی کاروبارەکانی تردا ون بووبێ.. یا ون کرابێ ـ جیاوازییەکی نییە ـ هەنووکەو هەنووکەیی و حاڵی حازر و (من خۆم و ئەوانیتر بۆ دۆزەخ) لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆدا ـ بێجگە لە کاتی پێویست ـ یا بۆ تەواوکردنی ویقاری ئەوانەی بە کاروباری ترەوە خەریکن بە نموونە (بازرگانی) یاخود (سیاسەت) دەنا وا دەرناکەوێ ئەو بەهاو نرخەی مابێ کە پێویستە هەیبێ یا بەلای کەمەوە ئەوەندەی وەک ئەوانە تێی دەگەن، کە بەکاروباری وشەوە خەریکن..

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوانەی کاروباری وشە هەڵدەسووڕێنن



لەهەر بوارێکیدا بێ بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە و ناوەندی وەک هی خۆمان هەمیشە وەهمێکیان کردووە بە قیبلەنووما کە گوایە حیسابێکیان بۆ دەکرێ و بەشتێک دەخوێندرێنەوە، کە لە هەقیقەتیشدا ئەمە لە وەهم وتراویلکە زیاتر نییە..

کەچی سەیر لەوەدایە لەگەڵ ئەمەیشدا دیومانە وشە زۆرجار نانی پێ بڕاوە و سەری پێ چووەتە قوڕومالّی پێ وێران بووە.. بەڵام داخۆ چ سیرڕێکە لە نێوان (بەڵێ) و (نەء)دا؟

هەیە بە (بەڵێ)یەک گەیشتووەتە لووتکە، (نەء)ەکانیش، زۆرجار بە تاقە (نەء)ێک لە ئەرزی زەوی چوونەتە خوارێ..

سەنگدڵیی ئەم رۆژگارە لەوەدایە کە (بەڵێ) و (نەء) تێکەڵ بوون، ئاکام وشەی زەنگئامێز وەک دەبینی دەسلایەز و بێدەرەتان و لە پەراوێزدایە.

بەڵێ من دەزانم، تۆیش دەزانی، ئەوانیش دەزانن، کە پێویستە قسەیەک لە مەسەلەکە بکرێ..

ئەوە ئەوان هیچ.. بەڵام من و تۆ کاممان بیکەین؟

**1994.9.29**

## دەوڵەمەندی کورد

(کەرتی تایبەتی)ی سەرمایەداری کورد، کەوای دەبینم زۆر کەم وا رێککەوتبێ سەرمایەی بۆ پرۆژەی بەرهەمهێن تەرخان کردبێ، چجای پرۆژەی پەیوەندار بە رۆشنبیری یا هونەر..

دیارە لە هەلومەرجێکدا، ئەگەر جورئەت هەبووایە، سەرمایەی کەڵەکەبوو لە کوردستاندا هەبوو ببێ بە بزوێنی ئەم لایەنە، وەک دامەزراندنی چاپخانەی پێشکەوتوو یا دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەتی، وەک ئەوانەی بە نموونە لە بێرووتدا هەبوون، یا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی کاری هونەری کە دڵنیام سوود و قازانجی هەردوولای تێدا دەبوو..



بەڵام بوودەڵەیی و ترس لە پاشەڕۆژ و ترس لە زەرەرکردن هەرگیز وای نەکردووە کەرتی تایبەت دەوری پێشڤەبڕی خۆی لە هیچ بوارێکدا؛ بەدەر لە وەگەڕخستنی سەرمایە لە پرۆژەی بیناو باڵەخانە دروستکردن کە ئابووریزانان بە (وەناوهێنانی ترسنۆک)ی ناو دەبەن ببینێ..

دوای (راپەڕینیش) ـ لە خوا بەزیاد بێ ـ پووڵدارمان زۆرتر بوون کەمتر نەبوون، لەهەموو ئەو ماوەیەدا، لە کاتێکیشدا وەک دەبینین چەندین رۆژنامە و زمانحاڵ دەردەچن، کەسیان بیری بۆ پرۆژەیەکی لەو جۆرە نەچووە..

لە قۆناغێکی وەک ئەمڕۆدا، هەق وایە پووڵدارانیش خۆیان بە خەڵکی ئەم وڵاتە بزانن، چونکە بیانەوێ و نەیانەوێ دوارۆژیان بێرەوە بەستراوە.

**1994.11.10**

# لاسەنگی و هەندێ شتی تر

**A**

ئێمە، بڕواناکەم، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدەنگ ناهاوسەنگیی خۆمانەوە چووبین، ڕەنگە هەبن بڵێن: ئینجا ئێمە گۆرانی و مۆسیقامان بۆ چییە؟ ناکا بیرت بۆ ئەوە چووبێ بەئاوازو گۆرانی دەگەینە کەنارێک؟..

ـ کام کەنار؟ ئەوەی هەر ناوێکی بەسەردا دەبڕێ (کەنار) نەبێ؟

ـ .. ئاخر ناهاوسەنگیی ئێمە لێرەدایە.. خەریکە گۆل و جۆگە و ڕووبارەکانیشمان بەگەرای (پەتا) و (بەربڵاوی) کوللەئادەمی دەبن بە کەنار.



ـ ئەگەر دەوروبەرمان هەموو بوو بە (کەنار) چی بکەین؟

ـ چ دەکەین؟ چمان پێ دەکرێ، زیاتر لەوەی کردوومانە.. مەگەر گۆرانی بۆ فرمێسک بڵێین، بەڵکو هاوسەنگییەک بەناهاوسەنگیمان ببەخشین..

**نیسانی 1994**

## B

بێرووت شارە و گوندە و گەڕەکیشە..

دیارە کە دەزانی بێرووت چییە؟ ئەو مورووەی وەک نگین بە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستەوەیە، یان (بوو)..

بێرووت کۆمەڵە گۆرانی و ئاوازێکی فەیروز بوو، کە هەمیشە لە بەرامبەر هێزی بەقڕبردوو ـ زۆر جاریش کەس نەناسەکان ـ لە نەبەردێکی پیرۆزی وادا بوو باوەڕنەکردە..

بەڵێ (لوبنان) بۆیە نەشکا، چونکە فەیروزی هەبوو، نەک ئەوانەی مەکینەی (مێشککۆڵی) شەڕی درێژخایەنی لوبنانیان بە دەستەوەبوو، (لوبنان) بۆیە نەشکا..

کەچی بەداخەوە هونەرمەندێکی لاوی وەک (بەهجەت یەحیا)،



ئەوەتا بە چەشنێک لە وڵاتی خۆیدا تەنگەوتاو دەکرێ و رێگە لە چانسە ڕەواکانی دەگیرێ، بیر لەوە بکاتەوە جێی بهێڵێ و سەری خۆی بەرەو (نادیار) هەڵبگرێ..

ئەدی بەرەو نادیارە، بەرەو چییە؟ داخۆ نادیار چییە کە ئادەمیزاد لە غەریبیدا درەختێکی بێ رەگوڕیشەیە.. تەنانەت ئەو لق و چڵ و گەڵایانەی دەشیبێ، وەک (نایلۆن) وان، چونکە ڕەگیان لەوێ نییە.

دوێنێ هونەرمەند و مۆسیقازان و تا دێی ترمان پەڕاگەندەی هەندەران بوون، ئەمڕۆیش مامۆستایانی زانکۆ.

داخۆ دەبێ کێ خۆی بۆ سبەی ئامادەکردبێ.. تۆ بڵێی وەختی ئەوە نەهاتبێ قسەیەک لە مەسەلەکە بکرێ؟

**1994.10.13**

# شەوتان باش

شەوتان باش!
ژەهری رۆژگاری لێوان لێو.. شەوتان باش.
شەوتان باش! کە بنبەستتان پێ لە بەرهەڵ کۆکترە..
شەوتان باش! کە چاوەڕوانیتان پێ خۆشترە...
شەوتان باش... ـ لەو تەنوورەی ـ تەنیا گلۆپێکی کزی چالێکی دەسکردە ـ
هەمـوو لە هەمـووی دەوروبەرتان پێ کـردووە بە پەروانە و.. بێ هودە.
شەوتان باش کە لە (قاتی)دا،
(هاتی)تان دێتەوە بەر قەفی گۆچان...
شەوتان باش! رموەشێنانی مەیدانی بێ بنمیچ و بێ ئاسمان...



شەوتان باش...
شەوتان باش، کە هەناسەتان لە پرسیارەکان بڕیوە..
کە زەمەن لە حاڵەتی،
رابردوو و ئێستا و ئایندەیدا
یەکسانە بە:
ورگ، بە ئینتەلایی و بە سفر...
شەوتان باش، کە لە بەخێوکردنی پێکوڕەی کوللە و
خۆحەشاردان لە پشت دیواری لاچکە تیتۆڵی
تەنەکۆرای ئایدزی بەڕەڵڵایی دان...
شەوتان باش!
کە نە دەبینن و نە دەبینرێن...
شەوتان باش، کە لەنێو تەرم و لاشان دەگەڕێن و
سەرئاسوودە... تکاو نزای ئەوەتانە فیتنەک نەقەومێ!!
شەوتان باش
شەوتان با
شەوتان
شەو...

**1994.11.17**

## سێبەری ئایندە

داخۆ کێ بەرپرسیارە، یا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لەوەی وەچەکانی داهاتوویش بەهەمان پێوەر و ئەندازە سەرگەرمی هێنانەدیی هەمان هیواو ئومێد نابن و هەمان خەون نابینن..؟

بە چ بەڵگە و گەواهییەک (بەرە ـ جیل)ی دادێمان، لەوانەی ئەمڕۆ بێ خاوەن و بێ سەرپەرشت و دوور لە قوتابخانە و فێرگە؛ لە سێبەری شەقامدا پێ دەگەن، سبەینێ لە توانایاندا دەبێ خەونی نوێ ببینن؟

لە راست ئەم پرسەدا کێ خۆی بە بەرپرس دەزانێ و بەرگەی لێپرسینەوەی مێژوو دەگرێ؟



تۆ بڵێی (ئەمڕۆ) هیچی بۆ (سبەینێ) لەسەر نەبێ؟ یان (سبەینێ) زاراوە و چەمکێکە تەنیا لە خزمەت ئەمڕۆماندایە و هیچی تر.. کامەن نەخشە و پلانەکانمان لە پێشوازیی سەدەی داهاتوودا؟

یا هەروا بەخشکەیی و بەهەنگڵەشلە بۆ پێشەوە بەرەو دواوە دەچین؟!!

دەمانگوت: گوندەکانمان جوانتر دروست دەکەینەوە..

دەمانگوت: قوتابخانەکانمان پاکتر و رێکوپێکتر بنیات دەنێینەوە..

دەمانگوت: کوردستانمان وڵاتێکی دەوڵەمەندە، ئەگەر شەشدەرمان لێ نەگیرابووایە، دەتبینی چ ئابوورییەکی بەهێزمان دەبوو.. دەمانگوت: متمانەمان لەسەرخۆ دەبێ، پشت بەخۆ دەبەستین

دەمانگوت: تەنها بەیانی بداو خۆرمان هەڵبێ، ئەوجا دەزانن بە چ تێن و تاوێک رووەو پاشەڕۆژ دەچین..

دەمانگوت و دەمانگوت...

بەداخەوە ئێستاش هەر دەڵێین و بە داختریش وا دەرناکەوێ، (تەنانەت) پەند و عیبرەتمان لە مێژووی نزیکی خۆیشمان وەرگرتبێ.

ئەوەتا بە کیسەڵڕۆیی لە ئومێد نزیک دەبینەوە، لە کاتێکدا خەریکین بەخێرایی لێی دوور دەکەوینەوە..

ئەو منداڵ و هەرزەکار و تۆلازانەی (ئەمڕۆ) کە وەچەی بەرپرسیاری (سبەینێ) پێکدێنن، بەداخەوە شەقام لە ماڵ و قوتابخانە باشتر دەناسن و ئەوەندەی شارەزای چەک و بازاڕی رەش و دنیای راوەستاوی ڤیدیۆ و بلیاردن، نیو ئەوەندە و کەمتریش ئاشنای قوتابخانە و فێرگە و کێشەی چارەنووساویی خۆیان نین!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: کێ بەرپرسیارە و خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ؟ یان ئێمە لە هەنیەمان نووسراوە تا هەتایە هەرهەمان خەون ببینین؟!

**1999.10.20**



# ترس لە رۆژنامە

دروودو رەحمەت لەوەی وتی:

**ئەوەی حیسابی پاکە**
**لە محاسەبە بێ باکە..**

پیاو هەرچی دەکا تێناگا بەرپرسان بۆچی لە رۆژنامە (هەر رۆژنامەیەک) قەڵس و نارەحەت دەبن؟!

رۆژنامە نە دادگەیە و نە ئەوانەی کاریشی تێدا دەکەن دادوەر..

بەڵێ رەنگە دادپەروەری تێدا هەبن، بەڵام مەرج نییە دادوەربن.. وەک ئەوەی مەرجیش نییە هەموو دادوەرێک

دادپەروەربێ..

ئیتر نارەحەتیی بەرپرسان لە رۆژنامە، بۆچی و لە پای چیدایە؟ ئەم دیاردەیە بە دیتنی من لە دوو واتا دەرناچێ.. یەکیان ئەوەیە لە دڵسۆزی و پاکیی خۆیان خاترجەم نەبن.. یەکی پاشیش: ئەوەیە لە ناخی خۆیان، نیشانە بە زۆر ئەگەران کە دیارە هەر خۆیان چاتری ئاگادارن، هەمیشە (داد) و (دادگا)یان لە خانەی نەبووان دانایە..

هەر رۆژنامە ماوە، وا پێدەچێ بیانەوێ ئەویش بێ دەنگ بێ..

ئا ئێستا پیاو خەریکە نەختێک تێ بگا.. کەواتە دەیانەوێ رۆژنامەیش لە ئاست ئەو هەموو پاشاگەردانی و ناعەدالەتیی و ناهەقیانەدا بێ دەنگ بێ..

ئەوەی تریش (دزو ماخۆ یەکبن گا لە کولانەدا دەبەنە دەر..)

با مردوویش گۆڕبەگۆڕ چێ.. گرینگ ئەوەیە کفن بەمن ببڕێ..

**تێبینی: (خوا دەست بە باڵی هەموولایەک بگرێ)**

**هیچ یەک لە بەرپرسان لە پرسی پاراستنی پەرلەمان و حکوومەت و دەسکەوتەکان و مافی مرۆڤ و تەنانەت هەندێ جار مافی ئاژەڵیش قسوریان نییە و نەکردووە.**

**1994.11.24**



## ویژدانی میللەت سواڵ ناکا..

**لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیدا ـ ژمارەی رابردووی گوڵان (ژ27 / 1994.10.20) ـ کاکە مەم بۆتانی دەڵێ: «ئەگەر ببم بە سەرۆکی نووسەران، دەچم سواڵیان بۆ دەکەم...»**

ئینجا بۆچی سواڵ کاکە مەم؟

با سەردمە تاریک و نوتەکەکانیش نەهێنینەوە گۆڕێ، سەردەمێ بەعس دەیگرت و نەیدەپاراست.

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرانی بەرەی میللەت پێیان سەلماند کە مێژوو و کولتووری کورد و کوردستان بریتی نییە لە چەند لاپەڕەیەک پاشەکشەیی و نوچدان.. مێژوویەک نییە بێ تروسکایی..

ئەمڕۆیش مەگەر مەکینەی ئەو هەموو ڕۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنانە بەکێ دەگەڕێ؟ ئەگەر نووسەران بەڕاستی هەبن و یەکێتیی نووسەران هەبووایە، داخۆ کۆڕی ئەمڕۆ بەکێوە گەرمە؟ بە هەلپەرست و زمانلووس و مافیا... یان؟

بەڵام بۆچی وای لێهات؟ ئایا ئەم پرسە لە کێ بکرێ؟ نووسەران ئەوەندەشیان پێ ڕەوا نەبینرێ، لەژێر سایەی دەسەڵاتی نیشتمانیدا بژین، بەسواڵ نەبێ؟

بایی سەرقەڵەمانەی حیکایەتخوانەکانی زەمانی زوویشیان پێ رەوا نەبینرێ، کە لەوە دەچێ لە زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ بەختیارتر و سەرئاسوودە و بێوەیتر بووبن؟

ئیتر بۆچی سواڵ؟

ئەمڕۆ ئەگەرچی هەن بە پێوەری کاریگەرێتیی سیاسییەوە نووسەران و ڕێکخراوی نووسەران لێک بدەنەوە و بناسن.. بەڵام بڕوا بکە ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە، ئەم بارودۆخە لەگرێژنە چووە لێی گۆڕیوون.. ـ خوا لە کەس نەگۆڕێ ـ وەلێ کارەسات لەوەدایە هەندێ لە نووسەرانیش بگەنە ئەو رادەی بڕوا بەخۆنەبوون و بەو جۆرە بیربکەنەوە..

نووسەرانی نووسەر هەرگیز سواڵکەرنین... ویژدانی میللەت سواڵ ناکا...

نووسەران مافی خۆیانە لەبن سێبەری دەسەڵاتی نیشتمانیدا



بەسەربەرزی بژین.. ئەگەر حکوومەتی هەرێمیش بەتەما نەبێ بیرێک لە ڕێگەچارەی تێکچوونی شیرازەی پرسەکانی ڕۆژ بکاتەوە، نووسەران لەسەریانە قسەیەک لە پرسەکە بکەن و هەڵوێستێکی جیدی وەربگرن.. مانای چی ئەو هەموو لادانی لادەران و ئەو هەموو بەتاڵان بردن و قاچاخچیەتی و بەمفت خواردن و دزی و تادێ تادێیە، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێنەوە و لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکاندا دەبیندرێ و کەس خۆی لێ ناکا بە خاوەن...؟!

برام:

ئەوانەی دوێنێ، دوێنێی زۆر دوور نا، قوربانیی بوون و ئەمڕۆیش قوربانیی ئەم بارودۆخە بێ پێوەر و ئەندازەیەن، دیارە قەدەریان وا کەوتووەتەوە، بەو ئەگەرە وا کەوتووەتە چارەنووسی گەل و نیشتمانەکەیان هەڵبژاردووە...

ئەگەرچی ئەو چارەنووسە کێڵگەیەکی سەختیش بێ، بەڵام بێگومان بەپیتە.. با هەرچی نەبێ نووسەرانیش وەک ئەوانە بژین کە هەمیشە لە تەڕیان خواردووە و لە وشکیدا نووستوون و ئێستایش هەر بە جەستە لێرەن... کە ئەمەش مافی رەوای خۆیانە... نەک بە سواڵ......

**1994.10.27**

؟

**دڵتەزێنە کەسێک بێدادی ئازاری دەدا**
**«نیتشە»**



## A

که تازه زمانمان پژابوو و لەبەر خوێندن داندرابووین... (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) یەکەمین ناوبوو، دوای ناوی دایک و باوکمان، فێری بووین...
سەرەتای ئەلف و بێ، له هەنگاوی یەکەمی خوێندندا ناوی مامۆستا باڵداریش لەلاماندا چووه پاڵ ئەو ناوه ئەفسانەییانەی لەو سەربردەو حەقایەتانەی بیستبوومان که لەدەسپێکی ژیاندا خەویان پێ لێ دەخستین...
ئەو دەمە دنیا دنیایەکی دیکه بوو، (دارا) لەناو داران بوو و

(دۆی دادە)ش هێشتا نەڕژابوو و بنمیچیماڵی(نەوزاد)یش درزی نەدابوو..

ئێمەش لە خۆشیی مێوژی نایابی(مام زۆراب)ـەوە مێوژمان لێ خۆش هاتبوو...

لە تاریکە بازاڕی ئەو سەردەمەدا، ئەلف و بێی مامۆستا باڵدار ڕووناکییەکەی ئەوسەر بوو، ئاسۆیەکی پێشانداین...

لە هەورازو نشێوەکانی ئەوان ڕۆژاندا بەو ئەلف و بێیە (کاف)و (واو)و(ڕێ)و(دال)و(سین)و(تێ)و (ئەلف)و (نون)مان ناسی وتوانیمان وشەی سیحراویی(کوردستان)ی پێ بنووسین....

بێ زێدەگوتن، خەڵک و خوایەکی زۆر کە ئەمڕۆ بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە و وتار و خوتبان دەدەن، قەرزاری مامۆستا (باڵدار)ن.

کەچی ئەسەف پێش چەند ڕۆژێک مامۆستا لەسەردەمێکدا میللەتەکەی پەرلەمان و حکوومەتی هەیە، بە غەریبی و بەبێ دەنگی سەر بنێتەوە بێ ئەوەی کەس باسی بکا...

بەداخەوە، وادیارە ئێستاشی لەگەڵدا بێ دۆی دادە هەر دەڕژێ و پێ ناچێ تا ئەمڕۆش(دارا)دارێکی دیبێ...!

**1998.7.20**



## B

وا دێتە بەرچاو ئەوەی ناومان لێ ناوە (دواڕۆژ) تەنیا ڕووەت بێ و ئەوەندەی لەسەر سوور و جیدی نەبین...

(گەشبینایەتی) بە چەمکی شارستانی و بەرووکاری گەیاندنەجێ؛ بێگومان پێویستە لەسەر بناخە و پلان و کلێشەیەک بێ...

بەڵێ لەگەڵتام و لچکی لافیتەی (هەمیشە گەشبینی)یشت لەگەڵ هەڵدەگرم.. بەڵام داخۆ تۆیش وای نابینی لە جهانبینی

ئەو دەستەواژەیەدا زیاد ڕۆیشتبین؟

کورد دەڵێ: «تاڵە لە ماکەوە دیارە»...

ئەوەتانێ وێنە و ئادگارمان کە تا دوێنێ لەو مرۆڤە زوڵملێکراو و لەبیرکراوەدا دەبینرا... ئەمڕۆ ئەو وێنەیە، بەو ئەگەرانەی هەمووومان دەیزانین و بەپێی قانوونی (من و خۆم و بەس)، بەخشکەیی لێی لادەدەین..

دەڵێم بەهۆی ئەو ئەگەرانەوە؛ ئەم وێنەیە خەریکە وردە وردە کاڵ دەبێتەوە، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکمان لا دروست بکا، یا بە هەندمان هەڵگرتبێ! وەک بڵێی ئەم هەلومەرجەمان لە پیاسەیەکی وەخت بەسەربردندا دۆزیبێتەوە!!

ئێمە بەخۆمان راپەڕین و بەشێکی زۆری نیشتمانەکەمان ئازاد کرد و لە تاقیکردنەوەیەکی کەم وێنەیشدا ـ بەلایەنی کەم پەرلەمان و حکوومەتمان دامەزراند..

پیاو داماوە لەوەی چۆن دەستمان دەگرێ ماڵی خۆمان... بنیاتی دەستی خۆمان، بەدەستی خۆمان بڕووخێنین؟!...

**1994.12.15**



## C

ـ بەو شەڕەی ئێوە دەستتان داوەتێ و، بێ هوودە خەریکە سەرەداوەکەیتان لە دەست بەردەبێ، ئەگەر خوانەخواستە ئێمەتان کوشت.. باشە کە ئێمە نەمێنین، ئێوە خۆتان لەناو کێ بادەدەن؟

شەقامی چۆڵ و شاری وێران، چ لە قیتاری پاسەوان و حیمایە و لاندگرۆزەرەکانتان دەکا؟

ـ ئەگەر لە چەقی ڕێگەداو بە نوێژی نیوەڕۆ، ڕێتان لێ گرتین و بە زەبری چەک رووتتان کردین و ئەوی لە گیرفانمان بوو لێتان سەندین.. ئەدی ئێمە چۆن چۆنی بەگیرفانی خاڵی بچینە چایخانەکان و لە مەیخانە دابنشین و باس لە ئازایەتی و گەورەیی و دڵسۆزیی و جوامێریی ئێوە بکەین؟

ـ ئەگەر ئێمەتان قڕکرد، یا واتان لێ کردین هەموومان تێکڕا لە داخی ئێوە بڕۆین و سەرمان هەڵگرین.. ئەو دەمە وتار و خوتبەو ئامۆژگارییەکانتان بۆ کێ دەدەن؟

کێ تەماشای تەلەڤزیۆنەکانتان دەکا و گوێ بۆ رادیۆکانتان رادەدێرێ و رۆژنامەکانتان دەخوێنێتەوە؟

ـ کەواتە لە بەرژەوەندیی هەردوو لامانە وازمان لێ بێنن و چیترمان پێ رانەبوێرن.

ئێمە شتێکمان نەکردووە، سەرەڕای برسیەتی و قاتی و بێکاری و سالآنی تلانەوە بە دەست رێژیم.. جەزامان ئەوەبێ رووبەڕووی بنبەستێکمان بکەنەوە، دەرچوون ئەوە هیچ، گەڕانەوەیشی لێ ئەستەم بێ.

ـ لە بەرژەوەندیی هەردوولامانە چیترمان پێ رانەبوێرن.

ئەگەر هەر سووریشن لەسەر ئەوەی پێمان رابوێرن، ئەوە لە باتی پێ رابواردن بژێوییەکمان بۆ دابین کەن!! مەعاشێکمان بۆ ببڕنەوە خوا سەلامەتتان کا، کاراکتەرەکانی سێرکیش ئاسوودەیی و بژێوییان مسۆگەرە..

ئەگەر هەر سوورن لەسەر پێ رابواردن، ئەوەندەمان پێ رەوابیبنن..

**1994.7.16**



**لەیادی 34 ساڵەی**

**رادیۆی «دەنگی کوردستان»**

## نیگایەک لە رۆژگارە پاکەکانی هیوا

● ئەو کاتە لە زۆر شت نەدەگەیشتین و بە چاوی پەپوولانەوە دەمانڕوانییە دەوروبەرێکی گڕگرتوو.. لێمان خۆش دەهات کە شەستتیرمان بەسەردا ببارێنن تا ئێمەش قالکە شەستتیری پتر کۆبکەینەوە... (ئیتر ئاقڵی منداڵیی)....

ئێمە نزیکەی نۆ ماڵ دەبووین لە ئەشکەوتێکی درێژۆکانی شێدار لە بناری چیای پاوان، لە گەلاڵە.. هێشتا منداڵ بووین و بەچاوی پەپوولانەوە دەمانڕوانییە دەوروبەر، وەک ئەوەی بۆ سەیران چووبینە ئەشکەوت وامان دەدی.. بۆیە زۆرجاران بە تایبەتیش بە رۆژ کە لاساریمان دەکرد و لە ئەشکەوت دەهاتینە دەرەوە، تێکڕای ماڵەکان سەرزەنشتیان دەکردین، چونکە رەنگە هاتنە دەرەوەی ئێمە ببێ بە هۆی ئەوەی فڕۆکە کەشفمان بکات...!

سەرەتا شەوانە دەگەڕاینەوە ناو گوند، بەڵام وردە وردە کە شەڕ

پەرەی سەند، ئیتر بەشەویش لە ئەشکەوت دەماینەوە..

پاشان زۆری نەبرد بۆ خوێندن هاتمە شار.. لەشاریش شەوانە گوێمان لە رادیۆ دەگرت، لەو تەمەنەی ئێمە(قۆناغی یەکەم و دووەمی سەرەتایی) زۆربەی تێنەدەگەیشتین، بەڵام کە وشەی(کورد)مان جاروبار، ئیتر بەچاک بووایە یا بە خراپ دەبیست، شاییەکی زۆرمان پێدەهات..

ساڵ وەرسوڕایەوە.. شەوێک لە شەوان تازە تاریک داهاتبوو، مقۆمقۆ کەوتبووە شار کە(ئێزگەی خۆمان) کراوەتەوە.. مەپرسە خەڵکی شار چەندیان کەیف هاتبوو، بەڕادەیەک ببووە ئەگەری ئەوەی نرخی رادیۆشی لەبازاڕدا بزواندبوو..

ئیتر لەو ساوە کەس نەبوو گوێ لە رادیۆ نەگرێ.. هەر لەو وەختەوە چاوەڕوانی(دەنگی کوردستان) بوو بە بەرنامەیەکی رۆژانە، بە تایبەتیش لەو ماڵانەی باوک و کەسوکاریان پێشمەرگە بوون.. تاکو وای لێهات رژێم پێی زانی لە هەموو ماڵێکدا گوێی لێ دەگرن، چاریان نەما، لەوەی زیاتر(هانی هانی) بخەنە سەر (کە چیرۆکی ئەو هانیە هانیەش لەخۆیدا چیرۆکێکە)، تاکو بە چاکی نەبیسترێ.. لەم بارەیەوەش تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون، دیارە بێگومان بەهۆی ئەوەی ئیمکانیەتی تەکنیکیان لەبار بوو..



ئەو(هانی هانی)یە کە لە زمانی کوردیدا لەبەرامبەر وشەی (تشویش)ی عەرەبیدا جێگای خۆی گرت، ئەوەیە کە ئەو ئێستگەیەی رژێم لەسەر هەمان شەپۆل بەگەڕی خستبوو، بەردەوام بەدرێژایی ماوەی کارکردنی ئێستگە گۆرانیەکی بیانی بەناوی(هانی هانی)یەوە پەخش دەکرد.. کە گۆرانیەکی زۆر ناخۆش و بەهات و هاوار بوو..

● تا ساڵی 1970 یش، دوای مۆرکردنی رێککەوتنامەی 11ی ئادار، ئەگەرچی رۆژنامە و گۆڤاریش ناوە ناوە دەرچووبن و شۆڕش چاپخانەی تایبەت بە خۆی هەبووبێت (چاپخانەی خەبات).. بەڵام(دەنگی کوردستان) تاکە هۆی بەکاری راگەیاندنی شۆڕشی کورد بوو. لەم راستەشدا، دیارە بایەخ و گرنگیی ئێستگە بەشێکی لەپێشی لە شۆڕشدا پێک دەهێنا و زۆر جار کاریگەریی دەگەیشتەوە کاریگەریی ئەو نەبەردیانەی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدا تۆماریان دەکرد.

لەوانەیە لە رووی سایکۆلۆژیەتی جەماوەرەوە لە شاخ و لەشار، هەروەها لە رووی پێکهێنانی بیروڕای گشتی هەندێ جار تێشی پەڕاندبێ.

● بەش بە حاڵ هەر لە زووەوە خەونم بەوە دەدی لە ئێستگە نزیک بم، بەڵام بەداخەوە تا درەنگان ئەو هەلەم بۆ هەڵنەکەوت..

کاتێک لەبەشی پەخش و راگەیاندنی سەر بە(م.س)یش (1972) دامەزرام کە ئەو دەمە بەڕێز د. شەفیق قەزاز و مامۆستا سەعید ناکام سەرپەرشتیان دەکرد، ئێستگە لەکار کەوتبوو.

ئەو دەمە زیاتر رۆژنامەی(**التآخي**)و(برایەتی) شوێنی ئێستگەیان گرتبووەوە.. تا ساڵی1974، ئەوەبوو دانوستان و پێکهاتن لەنێوان شۆڕشی کوردو ڕژێم بە بنبەست گەیشت و شەڕ دەستی پێ کردەوە، کە زۆریشی نەبرد ئێستگە کەوتەوە گەڕ، بەڵام ئەمجارە بەتین و تاوێکی تر، بەوەی هەڵبژاردەی نووسەر و روناکبیرانی گەلەکەمانی لێ کۆبوونەوە.

منیش وەک پەیامنێر بۆ یەکەم جار لێی دامەزرام، ئەگەرچی زۆرجاریش لە نووسینیشدا بەشداریم دەکرد... بەڵام رۆژانە راپۆرتی رادیۆییم ئامادە دەکرد، بە تایبەتیش لەو شوێنانەی بۆردومان دەکران و شەهید و برینداری لێ دەکەوتەوە.

من لەکارەکەمدا بەردەوام بووم، تا رۆژێ لە رۆژان بەڕێزان رەوان شاد مامۆستا دارا تۆفیق و بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر کە ئەوسا بەرپرسی نووسین بوو لەئێزگە و لەگەڵ مامۆستای خوا لێ



خۆشبوو هەژاری موکریانی لەیەک خیوەتدا بوون، ژمارەیەک لە ئێمەیان کۆکردەوە، باس لەسەردانی بەرەکانی شەڕ کرا.. کاک دارا وتی: کێ دەچێت هەندێ راپۆرتمان لەبەرەکانی شەڕ بۆ ئامادە بکات، من لە راستی خۆمەوە دەستم بڵند کردو وتم من دەچم.. لەولاوە مام هەژار کە لەوێ بوو وتی: باشە (مام پیاو تۆ بڕۆ.. بەڵام چەک و مەکیش لەگەڵ خۆت ببە.. مەتارەی ئاویشت لەبیر نەچێت...).

هێشتا من هیچ چەکێکم وەرنەگرتبوو.. تەنها دەمانچەیەکی خۆم هەبوو، بەبیرمە کلاشینکۆفەکەی کاک مستەفا ساڵح کەریم وەرگرت.

ئیتر لەو رۆژەوە، بەردەوام بەرەکانی رەواندز و کۆڕەک و گەرووی عومەر ئاغا و گۆڕەزو دارە هیشک و گەلی مێگرو کەپکی ئارموشین ودارە قەسپ و زۆر شوێنی ترم بەسەر دەکردەوە و راپۆرتم بۆ رادیۆ لێ ئامادە دەکرد و دیدار و چاوپێکەوتنم لەگەڵ پێشمەرگەکان تۆمار دەکرد.

ئەو دەمە ئەو بەرەیە، هەڵایساوترین بەرەی شەڕ بوو، بەڕێزان مام عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری کە فەرماندەی هێز بوو، و شەهید فرەنسۆ لەو بەرەیە بوون..

بێجگە لە سەرلق و فەرماندەکانی دیکەی وەک خوالێخۆشبوو عەلی کۆو و شەهید سەید عەبدوڵڵا و مولازم هەژار(جەودەت)

و شەهید حەمەزیاد و مام عزەتی سلێمان بەگ و شەهید مەلا ئەمین و شەهید سەید سەلیم و شەهید نوری حەمە عەلی لە هێزی خەبات و فەرماندە و پێشمەرگەکانی هێزی خەبات و رزگاری و ئەزمڕ و گەلێکی دی کە ناوەکانیانم بەداخەوە لەبیر نەماوە، زۆربەی ئەوانەش دیداری رادیۆییم لەگەڵ بوون و رەنگە ئێستاش لە ئەرشیفدا مابن.

تەنانەت جارێ لەو جارانە کە چوومە سەنگەرەکانی(دارە هیشک) لە کۆڕەک، ئەو رۆژە خوالێخۆشبوو عەلی کۆو شەهید سەید عەبدوڵڵا و مولازم هەژاری لێ بوو، زۆر نەبوو کاک حەمە زیاد شەهید کرابوو.

لە سەنگەرەکەی مولازم هەژار دانیشتبووم کە پێشتر بۆ نانی نیوەڕۆ بانگی کردم نانی لەگەڵ بخۆم، (لەبیرمە خوانەکەی بریتی بوو لەنان و تەماتە و پیاز)، ئاویش لەوێ کەم بوو، چونکە کانیاوێک بەودیویدا هەبوو لەدەست رژێم دابوو، لەو کاتەدا دوژمن هێرشیان هێنا.. شەڕ دەستی پێکرد، زۆری نەبرد دوژمن پاشەکشەیان کردەوە بۆ جێگای خۆیان..لەو سەنگەرەوە شەڕەکەم بە(مسجل) تۆمارکرد.

بەداخەوە بە هۆی گێرانەوەی رەواندز نەمتوانی هەمان رۆژ کاسێتەکە بگەیەنمە ئێزگە، ناچار مایەوە تاکو گەیشتمەوە (جنێراوە) لەبن چیای هەندرێن کە ئەو دەمە بارەگای پێشەوەی



هێزی باڵەک بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گەڕامەوە هەرچەندە ماوەیەکیشی بەسەر چوو بوو، کاک داراو دکتۆر کەمال و مام هەژاریش بڕیاریان دا بڵاوبکرێتەوە.

هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی لەدواییدا گەشتێکی دوورو درێژم لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا عەباس بۆ ناوچەکانی هێزی خەبات و رزگاری و زمناکۆ و ئەزمڕدا پێ بسپێرن کە لەو سەرەوە بە چەندین راپۆرتی تێرو تەسەل گەڕاینەوە.

کاری رادیۆ لەگەڵ ئەوەشدا بە تایبەتی لە هەلومەرجێکی وەک ئەوان کاتانە کە هۆیەکانی گەیاندن و تۆمارکردن بەو ئاسانییە نەبوو ئێستا هەیە و لەهەمان کاتدا زۆربەشمان تەنیا تاقیکردنەوەو ئەزموونمان لە رۆژنامەگەریی نووسراودا هەبوو.

بەڵام هەموومان بەداینەمۆی(خەون بینین) و هێزی لەبن نەهاتووی(هیوا)وە کارمان دەکرد... بۆیە دەتدی کارەکانمان ئاسان دەبوو.

ئەو دەمە سیمای خەڵک و پێشمەرگە هیوای لێ دەباری... پێکەنین هەبوو..گریان هەبوو..

(دەنگی کوردستان) بۆ مەمانان پەنجەرە و بەرهەڵێک بوو بەسەر دنیایەکی ئەفسووناویی تژی خەون و هیوا....

**1997.9.26**

# نیگا

**ئەوین هەمیشە بڕێک شێتایەتی تێدایە**
**بەڵام شێتیەتیش هەمیشە بڕێک عەقڵی تێدایە**
**«نیتشە»**

● ئاوازی شەکەت...

ئیکسیری خۆشەویستی، تابڵێیی قووڵ، تا حەز بکەی سادە، لەکوانووە ساردوسڕەکانەوە نایێ..

چرات هەمیشە هەڵبێ...

هەمیشە تا تێتدا بێ بە تەنیا نیگایێ ڕەشانگی ئەو بۆرە دڵانە ببینی، کە تەنیا لەسەر کاغەز و رووی رۆژنامەکاندا سپی دەچنەوە...



ئەوانەی نە لە زمانی تەنیایی دەگەن، نە سیپارەیەکی خەمیان خوێندۆتەوە، نە بادەی سێپدە و رۆژپەڕیان رۆژێ لە رۆژان هەڵداوە...

● ئەمجارەش ئەو نیگایە، لە زرنگانەوەی شکۆفە نایلۆنەکانی پاراستم...

بەردەوام دەبم لە سەما...

خۆشەویستی بەبێ شەرەنگی جودایی و ئەستەمی ژوانان لە لێڕەوارێکی سووتاو دەچێ...

مرۆڤە بە عیشووەکان، ئەوانەی «لە خەم ناگەن و لە مانای گریە نازانن» و بەهێزی پێناویی و خۆهەڵخستن بەڕیوە دەچن، گوناهێکی گەورەیە دەستی لەرۆزکیان بگیرێ و بە بازی کێویی و نمەی بارانیان بسپێرن...

● لەوەتەی مرۆڤ هەیە، ئەو نیگایە هەیە.

گۆرانیەک لە شارای(نان)ەوە تا سەما و لەیزینی سەردەمی جیهانایەتی..

ئەوەی بەڕاستی عاشق بووبێ، قەدەر باهۆزێکی لەلایەک هەر بۆ

هەڵکردووە، بایی دوو ڕێژنانی هەور بۆ هێنابێ و ژەنگی بەردیدەی ڕامالّیبێ..

نیگاکانی تۆ لە بەدخەویدا دژوار، پشێو و بێ نەخش دەبیندرێن..

بەڵام بارانی نورن، کانی لەزەت و تێکەڵاوبوون دەتەقێننەوە..

ئەوەی دەڕوانێ هیچ وەختێ بێ هیوا نییە، هەمیشە شتێکی لێ دیارە.. هەمیشە پرشنگی لێدەبنەوە..

ئەوان لەتاریکیدا گۆش کراون و بە پەنجەرەدا دزەیان بۆ ژوورەوە کردووە.. لێ خۆشبەختانە دیارن...دیار..

نە مەملەکەتی عیشقیان لێدەکەوێ، نە دەتوانن بۆ تەنیا ساتێک ئاشنای نهێنییەکانی سووتان بن..

**بەهاری 2005**

---

*** ئەم نووسینە لەسەر داوای د. کوردستان موکریانی لە کاتی خۆیدا بەتایبەتی بۆ گۆڤاری (شاووشکا) نووسراوە.**



## ئینتیما

هۆدانەوە و هەنگاونانی پێشڤەبڕ لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا؛ لە گرینگیدان بە ناوەخۆی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەرجەم لایەنە بناخەییەکانی ژیان بگرێتەوە؛ لە ئاستی گوزەرانی و بژێوی و پەروەردە و تەندروستی و کولتوورییەوە بگرە تا دەگاتە خۆشکردنی زەوینەیەکی ئاسوودە و هێمن، بۆ هەموو ئەو بەهرەو تواناییانەی، تێیاندایە بەشدارییەکی بەڕاستی و جیدی پرۆژەی هەستانەوەمان بکەن.. نەک بە چاو لەدەریی و پشت بەستن بە چەند خولیایەکی خەیاڵاوی.. کە لەوە زیاتری لێ نابینرێ پاساو بێ بۆ پاشاگەردانی و بێ دەسەڵاتی و لە کورتیدان..

دەسەڵات و ئیدارەی کارامە؛ لە قوتابخانەی رێکوپێک و نەخۆشخانەی پێشکەوتوو و دکتۆری داوەرماندارو ئاسوودەیی کۆڵانە بەرتەسک و هەژار نشینەکانی شارو ئاسایش و رێزگرتن لە میحرابی دادگەدا دەبینرێ.. نەک لە BKCو برسیەتی و یاسای دارستان و تیرۆر و تۆقاندن.

بەهێزیی دەسەڵات لە: بەرپرسیاری ماندوو و خەڵکی تێر و ئاسوودە و حەسایەوە دەردەکەوێ، نەک بەپێچەوانەوە...

ئێمە تا دوێنێ هیچمان نەبوو... هەموو زوڵم و زۆری و وێک هاتنەوەی جەوسەرەکانمان دەدایە پاڵ هێز و دەسەڵاتە دەرەکییە هەمەجۆرەکان.. داخۆ ئەمڕۆ بیاندەینە پاڵ کێ؟

کە فەرەنسا جەزایری داگیرکردبوو، نووسەرانیان ئەمەیان بە ئابڕوتکان دەزانی..

ئێمە، کەچیی وای نەماوە بڵێین خەریکین دەبین بە داگیرکاری نیشتمانی خۆمان... دەبێ نووسەرانمان چ ناوێکی لێ بنێن؟

**1994.12.1**



## مەبەستم تەنز نووسیی نەبوو

دەمگوت چاک نەبوو دەروجیران (کۆنەقیڕ)یشیان نەکرپەوە... دەنا ئێستا تەنها شەقامی ناوشارەکان دەمانەوە...

لەم راستەڕا کاروباری هاتوچۆ بەم جۆرەی لێ دەهات:

ـ خەڵکی ناچار دەبوو، بەهۆی تێکچوونی رێگەوبان، ئەسپ و ئێستر و کەر لە باتی ئۆتۆمبێل بەکاربێنن..

ـ دیارە بەپێی (پلە) و (پایە)یش، بەرپرس و رۆژگارپێداو، بە ئەسپ و لەوانیش بەرەوژێرتر بە کەر و، خەڵکی نەداریش بەپێ...

ـ پیادەکان، بەهۆی ئەوەی پێیان لە زستاندا بەقوڕ و لە هاویندا بەتۆز، دەبووایە لە دەروازەی شارەوە پێڵاویان دابنێن، چونکە

ئەو هێندە شەقامانەی نێو شارەکان کە بە قیرتاوی دەمانەوە، وەک مافوور مامەڵەیان لەتەکدا دەکرا!!

ـ وێڕای شکانی بازاڕی بەنزین و سووتەمەنیی تری ئۆتۆمبێل خۆیشیەوە، بازاڕ دەبوو بە بازاڕی یەکسم، بێگومان لەوانەیش بوو پیشانگەی تایبەتیی کڕین و فرۆشتنی، لەوەی ئێستا بۆ ئۆتۆمبێلان هەیە دەبوو...

دووریش نەبوو ئاودیویش بکرێ...

لە بەرامبەر ئەوەشدا، بەهای ئالیک (کاوجۆ) روو لە بەرزبوونەوەدا دەبوو...

لەهەمان کاتدا رووداو و پێشهاتی تامپۆن و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلان نەدەما، کەوا دەردەکەوێ یەکێک بێ لە نەهامەتییەکانی شارستانیەتی لەعنەتی!!

بەڵام رەنگە بۆ (پیادەڕۆ) سمشێل و بۆ (سوار)یش هەڵدێران و گلان زۆر دەبوو...

ـ ئەو کچەی شووی دەکرد، ئێستاکە داوا دەکا زاوا مارسیدیس بێنزو بی ئێم ڤێ و های تۆپی هەبێ، ئەوکاتە ئەسپێکی رەسەنی بڕسوور یا بەدەردی (شاملو) دەڵێ؛ بڕ هەنگوینی هەبێ...

ـ بەرپرسانی (حکوومەتی خۆشەویستمان) ـ ئەگەرچی لە دنیایشدا زەحمەتە حکوومەتێک هەبێ خۆشەویست ـ لەباتی



رێزی لاندگرۆز سەرادووی یەک بنێن، ئەو دەمە کەژاوە و کاروانی ئەسپ و ئێستر دوای یەک دەکەوتن...

دەتدی دەیانگوت؛ ئەوە کاروانی فلانە وەزیر بوو تێپەڕی...

بەم جۆرە پێداوەرە تا دەگاتە دروستکردنی ئاخۆڕ بە مۆدرێنترین شێوازی دوادواکانی سەدەی بیستەم و دامەزرانی ـ کۆمەڵەی مافی یەکسم بەتایبەتی و ئاژەڵ بەگشتی...

بەڵام خواو راستان کۆنەقیر هیچ ناکا.. ئەوی دیش وەک خەونی خوێن تیادیتراو بەتاڵە......

ئیتر... خەیاڵی بنیادەم...

**1994.12.7**

# ستەم

A

«ستەم» لە سادەترین پێناسەیدا، تیرۆرکردنی بەنوێژی نیوەڕۆی هەموو ئەو ئاکار و بەهایانەیە کە

لە هەڵستانمان... لە دانیشتنمان...

لە خوتبەو وتارەکانمان..

خۆمانی پێ هەڵدەدەینەوە..

فەنتازیای بەرچاو تاریک بوونە،

کە لەوپەڕی بێ دەسەڵاتییەوە سەرچاوە دەگرێ..



بە بەرەواژ سووڕانەوەی میلی سەعاتێکە، نەکار دەکاو نەکاتیش دەژمێرێ.. تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندن هەڵواسراوە و هیچی تر..

«ستەم»: دەتوانی بە ترسنۆکی و دڵەڕاوکێ و هەست بە نوقستانی ستەمکاریشی لێک بدەیەوە..

وێنەیەکی بەرجەستەی داتەپینی شارستانی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و بایلۆژی و گەلێک لۆژیی دیکەشە..

دزییە لە مێژوو.. لە جوگرافیاو.. جوگراسیا..

سادیزمێکی رووتە..

بەڵام سادیزمێک لە چەشنێکی تر...

ئەو سادیزمییەی لە ماسۆشیزمەوە هەڵقووڵاوە و سەرچاوەی گرتووە..

کورت هێنانە لە بەرامبەر خود..

کورت هێنانە لە بەرامبەر مێژوو..

لە بەرامبەر جوگرافیا..

لە بەرامبەر کەون و کائینات..

لە (ستەم)دا هەندێ جار کاراکتەر و تەماشاکەر لە (ناو)دا نەبێ،

لەهەموو شتێکی تردا یەکن..

* ئەو زاراوە زەبەللاحە، بەستەزمانە لای سیاسییەکانیش بە چەشنەها مانا لێک دەدرێتەوە:

جارێ بەرەنگاربوونەوەی (بوون)و جارێ (پاراستنی هەقیقەت)و هەندێ جاریش تەقەللایەکەو هیچی تر

(ستەم) مەرجیش نییە هەر فیرعەونەکان بیکەن..

جاری وا هەیە موسایش پەنای بۆ دەبا..

ئەم وێرانەی ئێمە کە ناومان ناوە وڵات،

یا نیشتمان..

لە (ستەم) بە دوور؛ بێ ئاو و بێ هەوا و بێ ئامانج و بێ سەرەتا و بێ کۆتاییە..

ئەم وێرانە لە (ستەم) هەڵکێشراوەی ئێمە دەستەندوویەکی ئەوەندە کوڵەواریشە، چەپڵەی (لێ) دەکوترێ، کەچی ئەوەندە گوناحە لای وایە چەپڵەی (بۆ) دەکوترێ..

وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ستەم هەر ستەمە..

!

ئەم وێرانەی ئێمە، کە لە جێی تر بە وڵات ناوی دەبەن بە



(ستەم) و (ستەمکاری)ی دەدۆشن، تا وڵاتی دیکەی پێ ئاو بدەن کە ئەسڵەن تینوو نین..

ستەمکاران بە چەکێک هاتوونەتە مەیدان، کە نازانن ناوی چییە.. چۆن دروست کراوە و بۆچی؟

(ستەمکاران)

لێرە (ستەم) دەچێنن،

تا بچن لە هەندەران دۆلار بدروونەوە و

بێنەوە (ستەم)ی پێ بچێننەوە و

بچن و بێنەوە..و

بەم پێیە (ستەم) ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی دەگەیەنێ، لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەگەر

لە مانای ئەخلاق گەیشتبێ و بگا..

**1995.3.14**

B

* گوتمان (ستەم): فەنتازیای بەرچاو تاریکبوونە..
کورت هێنانە لە بەرامبەر خود
لە بەرامبەر مێژوو
لە بەرامبەر جوگرافیا
لە بەرامبەر کەون و کائینات
(ستەم)؛
وێنەیەکی بەرجەستەی داتەپینی شارستانی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و گەلێک لۆژی دیکەشە..



* بەڵام ئەوەی لە خودی (ستەم)یش بەدنیهادتر و چەپەڵتر،
(**تیوراندنی ستەم**)ە: کە لە سەرچاوەی بە حیساب داراو دەوڵەمەندی وادا دێ؛
لەوانە نییە بێ هودە و بێ بڕشت و بێکار و مایەپووچ ببینرێ و بناسرێ..
کارەسات لێرەدایە!
کەسانێک (ستەم) دەتیورێنن،
کەنەک تەنیا بەبیستن،
بەهەستکردن و
بەدیتن و
بەگرتنیش..
لە کۆکردنەوە و لێک دەرکردنێکی زۆر سادەدا،
دەزانن کە خۆیان (ستەملێکراو)ن... کەچی؟؟

(**تیوراندنی ستەم**)، لە خودی ستەم خۆیشیدا مەترسیدارترە..
کە بەماناو چەمکێکی دیکەوە؛ دەکەوێتە بەر روانینەکانی مێژوو..
ئەوە ئەگەر (**ستەم تیورێنەران**)،

تۆزقاڵێک لەمێژوو بگەن..
ماسک و رووپۆش ئەگەر بەدەردی (ستەمکاران)یش بخورێ،
(**ستەم تیورێنەران**)،
هیچ ماسک و رووپۆشێک دادیان نادا..

ئینجا ماسک و رووپۆش بۆچی؟
چ بەرگر و کاردانەوەیەک دەبێ،
لە کاتێکدا ئەوەی لێی دەبینرێ و شایانی ئەوەیە بەڕووی ستەمدا بووەستێ،
ستەم بتیورێنی و
لە بەرابەر هیچێکی کاتیدا ـ کە دادیشی نادا ـ
روانین و جیهانبینی جیهانبینان بگۆڕێ و پاساو بۆ ستەمی خونکار و ملهوڕان بهێنێتەوە..
* (**تیوراندنی ستەم**)،
کە شێوەیەکی یاغنیشانە و بەربادە،
لە بنیاتنانی کارەسات و
رووخاندنی ئاینده، لە ئێستایدا..



لە یاساشکێنی و
دابونەریت شکێنی و
ئاکار و رەوشتشکێنی بەدەرە..
(**تیوراندنی ستەم**)، لە خودی (ستەم)
بەدنیهادتر و
ستەمترە..
بەوەی پاساوێکی (بەزانینەوەیە)
بۆکاروکردەوەی خونکار و ملهوڕان...

**1995.3.24**

## شکۆفەو ڕەشەبا

مێژووی ئەو دەسەڵاتە دزێوو ناشیرن و نا هەموو شتەی بە (دیکتاتۆریەت) ناسراوە، پێم وانییە پێویست بە گێڕانەوە بکا، بەتایبەتیش بۆ ئێمە کە زەمانێکە بە دەستییەوە دەناڵێنین...

بەڵام هەر بۆ وەبیرهێنانەوە: مێژوو لە باسی (ترۆخیلۆ)ی دیکتاتۆری کۆماری دومەنیکان، کە تەنها سی و یەک ساڵی حوکم کردووە و تەواوی شەقام و ئوتێل و کارگە و کارخانەکانی وڵاتەکەی بەناوی خۆی کردبوو، بە پایتەختیشەوە.. بە ڕەسەنترین ڕژێمی دیکتاتۆریی دنیای داناوە.

ئەو ترۆخیلۆیە (روفائیل لۆندراس)، هەر وەزیرێک یا فەرمانبەرێکی بەرزی بۆ دامەزراندن دەستنیشان کردبا، پێشەکی



ئیستقالەیەکی بە خەتی خۆی پێ دەنووسی، ئەوسا دایدەمەزراند، تا وەختێ کەیفی هێنا کارکەناری بکا! لەگەڵ ئەوەشدا، کابرا لە ماوەی ئەو سی و یەک ساڵۆکەی! حوکمیشی بیری لەوە نەکردەوە بە چەکێکی ڕەشەکوژی قڕانکەری وەک کیمیاوی لە خەڵکی وڵاتێک بدا حوکمی تێدا دەکا...

بێگومان ئەمە خاڵێکی بچووک و نادیارە لەچاو ئەو پەڵەڕەشە گەورانەی وان بە تەوێڵی مێژووی ئینسانیەتەوە.. ئەوەی مەبەستە، ئەمڕۆ گرینگ بۆ ئێمەی کە هەنگاومان خەریکە دەکەوێتە سەر ڕێی ئومێد و هەلومەرجی دەرەکیمان (هەلومەرجی نێودەوڵەتیی) بۆ ڕەخساوە، هەوڵ بدەین لەناوەخۆشدا هەلومەرجی لەبارو پڕ بەپێست بخوڵقێنین، تا ئەو ئامانجەی تایەکەی تری هاوکێشەکە پێک دێنێ بەلاسەنگی نەمێنێتەوە...

ئەمەش وای نابینم ببێ، ئەگەر تۆوی دیکتاتۆریەت بنەبڕ نەکەین...

دیارە کە ئەو تۆوە ژەهراویەش بە پشەبای دیموکراسییەت بنەبڕ دەبێ..

دیکتاتۆرییەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، وێڕای ئەوەی وڵاتەکەمانی هێنایەوە سەر ساغە و ڕووبەڕووی ئەو هەموو ماڵوێرانییەی کردینەوە، هەستێکی وایشی لە ناوماندا پەروەردە

کرد، ئێستاش شوێنەواری ماوە و دەگونجێ پێی بگوترێ (هەستی دیکتاتۆریەتی)!

ئەو هەستە تا بەوەزارەت و دەزگا و دایەرەکان ڕادەگا، وەبەرماڵانیش نرابوو، وای لێ هاتبوو: وەزیر ببوو بە دیکتاتۆری وەزارەتەکەی و سەرۆکی دەزگا و بەڕێوەبەری گشتیی دایەرەکان و سەرنووسەری رۆژنامەکانیش هەر بەو جۆرە، تەنانەت بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگاکانیش.. لەوسەریشەوە، لەکەشکەڵان، دیکتاتۆر خۆی ببوو بە دیکتاتۆری ئەو هەموو وردە دیکتاتۆرانە!!

لەم ڕاستەدا: گرینگە لە ناخەوە و بەڕاستی بڕوای پتەو و تەواومان بە سیستەمی دیموکراسی وەک ڕێگایەک بۆ ژیان هەبێ، بەتایبەتیش لەم هەلەدا کە باهۆزی ئەو سیستەمە، بەویست و نەویست، رۆژهەڵات و رۆژئاوای گرتۆتەوە..

ئێمە هەر بە دیموکراسییەت دەتوانین وابکەین تۆوی دیکتاتۆرییەت رەش بێتەوە و نەمینێ و جارێکی تر رووبەڕووی هیچ بنبەستێکی تر نەبینەوە..

**تەمموزی 1992**



## نیشتمانێک هەیە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە

لە هاوکێشەی کارتێکردن و کاردانەوەدا رەنگە هەبن لە گۆڕانکاری بترسن.. لە بەرامبەریشدا هەن بە سوونەتی ژیانی دەبینن.

ئەسڵی مەسەلەکە نیشتمانێک هەیە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، ئەمە رەنگە بۆ رۆژنامەنووس بە سنوور و بەربەستێک بدرێتە قەڵەم، لێرەڕا نارەوا نییە بپرسین:

- ئایا ئێمە پێویستیمان بەو هەموو رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی راگەیاندنە هەیە..

- ئایا توانیومانە ئیزافەیەک بکەین.

- ئایا توانیومانە لەهەموو ئەو ماوەیەدا زمانێکی رۆژنامەنووسی دروست بکەین.

- ئایا سەرچاوەی نووسین لە کوێوەیە و داخۆ دەتوانین بەدەر لەو

سەرچاوەیە بڵاوکراوەکانمان بە وەرگێڕان پڕ بکەینەوە؟

ـ ئایا رۆژنامەی رۆژانە لەناو لێشاوی ئەو هەموو کەناڵانە لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ناوەخۆوە بگرە تا دەگاتە سەتەلایتی ماڵان و ئینتەرنێت و فاکس و مۆبایل...تاد، چ کەلێنێک دەمێنێ پڕی بکاتەوە؟

ـ لێرەدا ئایا بۆ رۆژنامەیەکی رۆژانە کامیان هەواڵەکانی ناوخۆ یا هی دەرەوە گرینگترە.؟

ـ ئایا رۆژنامە دەتوانێ وەکو پێویست بایەخ بە ئەدەب و ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی رووناکبیرییەوە هەیە بدا.. ئەگەر وەڵام بە (نا) بێت، ئایا پاشکۆ و پاشکۆی تایبەت بڵاوکردنەوە ئەو هەقە دەداتەوە؟

ـ باشە ئەو ئازادییەی لە مێشکماندا کە هیچ سنوور و ئاسۆیەکی نییە، داخۆ لە رۆژنامە و ژیانی رۆژنامەنووسیدا ئەوە دەگەیەنێ هەرچی بڵێین، هەرچییەک بنووسین..؟

دواجار ئایا ئەوەی بە رۆژنامەی دیکە نەکراوە بە ئێمە دەکرێ.؟

پرسیار لەوەدایە، سوونەتی گۆڕانکارییەکانیش هەمووی بۆ ئەسڵی مەسەلەکەیە کە نیشتمانێک هەیە بەناوی (کوردستان)و لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە.

**2000.4.2**



## ئەو دەعبایانەی بەناهەق بوون بە مرۆڤ

**ئاخ چەند لە گیان بێزاربووم،**
**چونکە بوودەڵەکانیشم خاوەن گیان دیت..**
**«نیتشە»**

شتێک جێی دڵنەوایی و شادی بێت لە دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی ئەوەیە مرۆڤ ستەمکار و ملهوڕان رەزیل و سەفیل دەبینێ، کە بە چ تاوێک بە ژیان وابەستەن، لە کاتێکدا هەمیشە ژیان و مەرگی خەڵکیان پێ ئاو خواردنەوە بووە..

ستەمکاران ترسنۆک و بوودەڵەن، نازانم داخۆ لە تێکەوتندا قوربانییەکانی خۆیان دێتەوە بەرچاو، بەڵام دەزانم لەوان کاتانەدا لە سێبەری خۆشیان دەترسن..

کابرایەکی نەخۆشی، بەخوێن تینووی وەک سەدام حوسێن و دەعبایەکی وەک عەلی کیمیاوی و دەعباکانی تر لەهەموو ماوەی حوکم کردنیان دڵنیام بە خۆیان بڕوا نەکردووە، قەدەری وڵاتێکی وەک عێراق دەوڵەمەند و بەخێروبێریان کەوتۆتە بەردەست.. لەوەڕا سەیر دەکەی هەمیشە گورگانە بەربوونەتە گیانی، بەو رەنگەی بینیمان کەسیان لێنەبوارد؛ بە خەڵکی زەلیلی، رەزیلی، ماستاوچی، بووقی خۆشیانەوە..

چ نەما نەیکەن، لە کوشت و بڕو کاولکردن.. کەسیان نەبوارد.. ژن.. پیاو.. منداڵ.. پیر.. گەنج.. تونێلێکیان دروست کردبوو دەرنەدەچوو، شتێکیان نەهێشتبووەوە بەناوی ئاسۆ.. خەڵکیان بەقسە بەخێو دەکرد؛ لە کاتێکدا سەگەکانی خۆیان بە گۆشت و ئێسقانی قوربانییەکانیان، ئەوانەی زۆرترین جار بەبێ تاوان لە زیندانیان داوێشتن یا لە سێدارەیان دەدان.. ئابووری و خێروبێری وڵات تەنیا لەوان حەڵاڵ بوو.. کەسێ بیگوتبا لەل، چارەنووسی مەرگ بوو..

ئەوان زیاتر لە نەدیتکۆکە و هەتیمچەی جادان دەچوون، تا سەرکۆمار و بەڕێوەبەرانی دەسەڵات و سەروەری..



چ نەما پێمانی نەکەن.. لاویەتیان رفاندین. نەیانهێشت هەست بەزەمەن، بە منداڵیی و هەرزەیی، تەنانەت هەست بە رەقیی بەرد و نەرمیی شنەبا و روونایی رووبار و بۆنی گوڵ و ساوی وەرزەکان بکەین..

دنیای جوانیان لێ وێکهێنابووینەوە..

ساڵەهای ساڵ بەهاریان لێ دزین، وەختێ لە شەڕێکیشدا وەک پیشەی هەمیشەییان دەیاندۆڕاند.. لەلایەک هانایان بۆ ئەو بێگانانە دەبرد، کە کردبوویانە بنیشتەخۆشەی دەم و خەڵکی خۆیان بۆ شەڕی تر پێ گۆش و تەیار دەکرد.. لەلایەکی تر وەک پشیلە بەسەر هاووڵاتیان دەڕشانەوە..

ئێستاش ئەوەتا پاش هەموو کارەساتە یەک لە دوای یەکەکان، پاش ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەیشیان سەقەت کرد و خێروبێری وڵاتیان ئەوی دزی، دزی ئەوتریشیان لە شەڕ و کاری سیخوڕی و شەوە سوورەکانیان خەرج دەکرد..

کەس نەما هەڕەشەی لێ نەکەن..

تۆ وەرە بڕوانە! موتەخەلیفێکی کەڕەواڵەی وەک عەلی کیمیاوی و تەها جەزراوی و تاریق حەننا، کە قسەیان دەکرد وایان دەزانی لە خۆیان زیاتر دنیا کەسی دیکەی تێدا نییە..

ئەوەتا ئێستاش ڕەزیل و زەلیل، لە چاوەڕوانی چارەنووسێکی ڕەشدا ترسنۆکانە لەبەردەم دادگادا گرمۆڵە بوون..

هەروایە.. چارەنووسی ستەمکار و ملهوڕان، کە نەهێزە فشۆڵەکەیان و نە پارە و پووڵی بێشوماری بانقەکان دادی دان..

بەم جۆرە کۆتاییمان بەم دیکتاتۆرەش هێنا، بەوئومێدەی کەشوهەوایەکی تەندروست و پاکژ بێتە پێش کە ئیتر ببڕای ببڕ دیکتاتۆری تر دروست نەبێتەوە.

**2004.7.8**



# دیسان قەوانە ڕاوەکە

**ئەوان ئاژاوە دەنێنەوە و**
**پێیان وایە لەگەڵ یەکدی دەئاخڤن..**
**ئەوان دەربڕینی بیچمیان دەگۆڕن**
**وا دەزانن لەیەک دەگەن**
**منیش دڵنیام کە ئەوان وا نین...**

**«تی. ئێس. ئیلیەت»**

چەواشەکاریی دەرهەق بە کورد و کێشە ڕەواکەی پێشینە و مێژوویەکی هەیە..

سەیریش لەوەدایە زۆربەی ئەوانەی ڕۆڵیان لە پرۆسەی ئەو چەواشەکارییەدا هەبووە، لە تێگەیشتنی ئەوە خاڵی نەبوون کێشەی کورد، کێشەی گەلێکی پارچە پارچەکراوی، غەدرلێکراوی، ستەمدیدەی درێژایی مێژووە، بەتایبەتیش

رووناکبیر و رۆژنامەنووسانی ئەو گەلانەی لەگەڵ کورددا دەژین..

لەهەموو سەردەمێکیشدا نموونەی هەیە، لێ زیاتر لەگەڵ دەسپێکی بزاڤی ئازادیخوازی کورددا ئەم دیاردەیە بێبەختانەتر پەرەی سەندووە..

دیارە گلەیی لەسەرنشینانی کورسیی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە ناکرێ، چونکە میللەتانی خۆیشیان لێیان رازی نین و خەریکن لەبەریان هەڵبێن.. گلەیی لە رووناکبیرێک یا رۆژنامەنووسێک دەکرێ کەهەمیشە ئیددیعای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەت و ئازادی و مافی چارەنووسی گەلان دەکا.

لەم رۆژانەدا، چەند وتارێک بەو رووکارە لە هەندێ رۆژنامەی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، لەو وتارانە دوویان جێی سەرنجن، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی زانیاریی نوێیان تێدا هاتووە، بەپێچەوانەوە، بەهۆی ئەوەی نووسەرەکانیان ئێستاش پێیان وایە مەلیک ماوە و بەگیانی بەگلەری و خۆدیدەییەکی وایان نووسیوە وەک بڵێی کورد مرۆڤ نەبن، گیانەوەر بن.

وتاری یەکەم لە رۆژنامەی (الدستور)ی ئەردەنیدا بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە، ئەوی دیکەیان برایم زوبێدی ناوێک لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاوی کردۆتەوە..



(الدستور) نووسیویەتی دەڵێ: داواکانی کورد رەت دەکرێنەوە، ئەویش بە ئەگەری چەند هۆیەکی مێژوویی کە ئەوپەڕگیرانی کورد دژ بەهەموو شتێکی عەرەبی دنەیان داوە(!!).

برایم زوبێدیش دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی ئاڵای خۆیان هەڵداوە (مەبەستی کوردە)، هاتوون تابلۆی رێنماییەکانی هاتوچۆشیان بە کوردی نووسیوە، ئەمە چۆن دەبێ؟

پاشان هەر بەخۆی دەڵێ: بەڵام باشیان کردووە بەم دواییە تابلۆکانیان کردەوە عەرەبی (!!).

ئینجا تۆ وەرە لەگەڵ عەقڵییەتی وا دابنیشە و گفتوگۆ و دانوستان بکە و باسی دیموکراسی و ماف بکە، کە لە ئەساسدا نایانەوێ تێی بگەن..

هەر ئەوەندە دەزانن، قەوانێکیان هەیە، ئەگەرچی خۆشیان دەزانن کۆن بووە و ڕناوە، بە بۆنە و بێ بۆنە لێی دەدەنەوە، هەر بۆیەشە حاڵیان زۆر خۆشە.

بەڕاستی شوورەییە بۆ نووسەر یا رۆژنامەنووسێک بەو عەقڵییەتە دواکەوتووە بیر بکاتەوە لە کاتێکدا ئەمڕۆ دنیا دنیایەکی دیکەیە.

شوورەییە لەبیر خۆیان ببنەوە، کە هەمیشە کورد بووە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراقی هەڵگرتووە و خوێنی لەو پێناوەدا داوە..

شوورەییە بۆیان، لەگەڵ هەموو ئەو زوڵم و ستەم و ئەنفال و کیمیابارانە، رۆژێ لە رۆژان کورد لە ناچارترین ناچاریدا پەنای بۆ تیرۆر و تیرۆرکاری نەبردووە و هەمیشە عەرەبی بە برای خۆی زانیوە و شاعیر و نووسەرانی لەسەر کێشەی فەڵەستینیان کردۆتەوە.

بەڕاستی شوورەییە ئەگەر شتێک مابێ بەناوی شوورەیی.

**2004.7.1**



# رۆشنایی

## A

یەکێک لەو تونێلانەی فەرهەنگ و چاندی کوردی تێکەوتووە، بە پاشدانی واقیع و شوێنهەڵگریی لێکدانەوە و روانینی مۆدێکی خواستراوە؛ کە لە واقیعێکی نامۆدا سەرچاوەیان گرتووە..

ئەمە وایکردووە کاردانەوەی بزاوتی نووسین بەگشتی و کاری رۆژنامەنووسی بەتایبەتی زۆرجار بەکەناری پرسەکاندا رێ بکا و ئەو دیوەی نەبینێ کە پێویست بێ بیبینێ..

لە نێوان خوێندنەوەی واقیع و خواستنی واقیعێکی خوێندراوەی نامۆ بەدیدی تر، کە دەرهاوردەکانی زادەی پەروەردە و لێڕوانینی کۆمەڵگەیەکی جیاوازە و بۆ کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کۆمەڵگەی ئێمە لە جێوەڕێی زیاتری بەرهەم نەهێناوە، کە نە

زەینڕوونی و نە پێشزانی تێدا بەدی دەکرێ.

تۆ لێڕامینە!

هەموو ئەو ڕووناکبیرانەی دراونەتە پاڵ ئەو زاتانەی خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە، لە چەق و ناوەندی واقیعی خۆیانەوە دەستیان پێکردووە و بەچاوی واقیعخوێنی لە کۆمەڵگەی خۆیان ڕوانیوە و پرس و کێشەکانیان داوەتە بەر شەوقی ڕوناهی و لێی خوردبوونەتەوە و هێزی بینینی ئایندەیان تێدا وروژاوە، چونکە واقیعی خۆیان خوێندۆتەوە، نەک کولتووری واقیعێکی دیکەی نامۆیان بەنابەڵەدی بۆ داڕشتبێتەوە.. ئەمە لەژێر هەر ناوێک و بەهەر نیازێک بێ ڕێ پێ هەڵەکردن و دوورکەوتنەوەیە لەو هزر و دیتنانەی زۆرجار بەشێوەیەک لە شێوەکان لەزەینی میللی و خەڵکی جادە دەیانبیستین و حیسابێکیان بۆ ناکەین..

ئەو لە گرێژنەچوونەش بەهیچ نایەتەوە جێ ئەگەر پشتیوانی خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن و ئەزموونی لەگەڵدا نەبێت.

هەموو ئەو هەوڵانەیش کە لە خوێندنەوەی واقیعێکی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن بێهوودە دەبن ئەگەر دەقەبەری واقیعی خۆمان نەکرێت، کە سەرەنجام چەندی بڕۆین ئەوسەری تونێڵمان لێ دەرناکەوێ..

**2004.8.12**



B

هەوڵی ڕۆژنامەنووس لە پاراستنی پیشەییەتی، سەرەڕای ئەوەی ڕوانینەکانی واقیعانەتر دەردەخا، ڕۆشناییەکی ئارامیش دەبێ بۆ ئاینده لە پرۆسەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژوو، هەروەها لە تێگەیشتنی قۆناغەکان و لێک جیاکردنەوەیان. ڕاگرتنی لەنگەری پیشەییەتی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەمڕۆ بووە بەسیمای ڕۆژنامەنووسی سەردەم، کە شیرازەی لە سیستەم دەرچووەکان دەخاتەوە شوێنی خۆیان، بەمەش مانایەک بەژیان دەدا، بایی ئەوەندەی هەڵدەگرێ مانای پێبدرێ..

«پیشەییەتی» هونەرێکە باوەکو زۆرجاریش دیوار و دیوار بەپاڵ تونێلە مارپێچەکاندا بەڕێوە بێت.. بەڵام هەرگیز بەهەمان لۆژیک لە هونەری دروستکردنی ئەلتەرناتیڤەکان دا بەشدار نابێت، کە لەو تونێلانەدا بەتاوی داماڵینی ئیرادە و داتەپاندنی خودەوە بەرقەرارە..

ئەو بەڕێوەنووسانە و جەخت لەسەرکردنەوەی رۆژنامەنووس لە پاراستنی پیشەییەتی بەشێکە لە بەرزڕاگرتنی شەرەفی رۆژنامەنووسی و بڕستی عەقڵ پێ شکان و سەرچاوەی بە فەرهەنگ و بە چاند و هاوسەنگیدانە بە سرووشت و بەژیان کە رەنگە بەلایەکەی تردا هەموو بەهاو پاساوی بەردەوامی لەدەست بدا..

تۆ تەماشاکە رۆژنامەنووسێک، لەسەروبەندی داتەپینی یەکێک لە رژێمە تۆتالیتارییەکانی رۆژگاری شەڕی بێهودەی سارد لەسەر زاری زیندانییەک چمان بۆ تۆماردەکا «لە زینداندا ئەگەر یەکێکمان بمردبووایە، تا چەند رۆژێک ئیدارەی زیندانمان لێ ئاگادار نەدەکردەوە و تا بڕە خواردنەکەی لە نێوان خۆماندا گل بدەینەوە..

زۆرجار کە پاسەوانەکان دەهاتنە ژووری مردووەکەمان بەدیوار هەڵدەپەسارد و جگەرەیەکمان بە پێکراوی لەدەم دەنا تا وەک زیندوو دەربکەوێ و سوود لە بڕە خۆراکەکەی وەربگرین..



تەنانەت وای لێهاتبوو لە زینداندا هەموو شتێکمان دەخوارد... هەموو شتێک!» پیشەییەتی لە کارێکی بە هەستی لە وێنەی رۆژنامەنووسیدا وەک دەبینی دووریشە لە دەمارگیری و ئەوپەڕگیری و کاردانەوەی ساتەوەختێکی لە گرێژنەچووی دیاریکراو، کە هەڵچوون و هەناسەسواری و خۆ لەبیرکردن و بەرژەوەندییەکی بەروەخت دروستی دەکات.

رێگایەکە ماندووبوون و سەرئێشەی بەدواوەیە، بەڵام پەیامێک لە سەردەمێکدا دەگەیەنێ، کە خەریکە پەیامی تێدا کاڵ دەبێتەوە.

**2004.7.29**

# ئەمنییەتیی بژێوی

(برسیەتیی رەگێکی هاریی تێدایە) پێشینان وایان گوتووە؛ ئینجا میللەت هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە بەو چەشنە شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکچووە، داخۆ ئەگەر بگاتێ چۆن؟

لەو نێوانەدا راگرتنی کێرڤی ئەمنییەتی بژێوی هاوولاتیان پرسێکە پێویست دەکا وەکو ستراتیژ بەهەند وەربگیرێت.

ئەمە لە زۆربەی ولاتانیش هەروا تەماشاکراوە، تەنانەت لەو ولاتانەیش کە رژێمە دژی گەلیەکان بەرێوەی دەبەن، بۆ ئەوانیش هیچ نەبێ بۆ راگرتنی لەنگەری رای گشتی و ورووژانی جادە و کورسی و پایەی خۆیان بێت دەیکەن.



تاقیکردنەوەی سالانی پێش دەرچوونی بڕیاری **986**، ئەگەرچی نەگەیشتبووە ئاستی (قاتی)یش، لە پاڵ لە گریژنەچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، رێژەی تاوانیش بەرزببووەوە..

دوای بڕیاری **986**یش خەڵکی ئاهێکی هاتەوە بەر، بەڵام ئەو ئازووقە و دەرمانەی دابەش دەکرا بەهۆی کاکەلەبرالەیی بەرپرس و کارمەندانی UN بێ لەگەڵ رژێم و بازاڕ، یا بێسەروبەری و ناشارەزایی و گەندەڵی و بیرۆکراسییەتی کارەکانی UNی پێ دەناسرێتەوە بێ؛ وردە وردە وای لێهات، ئەو ئازووقەیەی دەدرا، کە بەزەبری دۆلاریش دەکڕا، بڕە زۆرەکەی جیاوازییەکی جەوهەریی لەگەڵ ئالیکی ئاژەلاندا نەبێ..

لە کەرتی تایبەتیش گەڕێ کە هەندێ سەرەداویان کەوتبووە دەست و هەڵسوکەوتی هەندێکیان تاڕادەی دەست لە ئەخلاق بەردان بوو، لە دەست بەسەرداگرتن و فێڵ و گرانفرۆشی و بازاڕگری..

بەهەرحاڵ ئەوە کاری ئێمە نییە، رەنگە دەسەلاتێکی لەو جۆرەشمان، وەک ئەو بڕە پارەیەی بۆ کوردستان تەرخان بوو بەسەردا نەبووبێ..

ئەوە لەسەر ئێمەیە ئێستا پاش ئەو ماوە حوکمڕانییەی خۆمان بیر لە دانانی نەخشەیەک بکرێتەوە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی

بژێوی وەکو مەسەلەیەکی ستراتیژی پەیوەندار بە ئێستا و ئایندەی کوردستان.

ئەم کوردستانەی ئێمە، ئەگەر لێمان بگەڕێن چی ماوە تێیدا نەبێ.. قسە لێرەدا دەچێتەوە سەر کشتوکاڵ کە سەرچاوەی بژێوی دانیشتووانی هەر وڵاتێکە.. بۆ ئێمە رەنگە وێوەتریش بێ، بەوەی چەندین دەشتی بەپیتمان بەشایەدی پسپۆر و شارەزایانی بیانی ئەو بوارە هەیە، لە وێنەی دەشتی شارەزوور و قەراج و کەندێناوە و هەریر و...تاد کە بەپێی ئاماری رەسمی بژێوی نەک تەنیا کوردستان، بەڵکو تەواوی عێراقیشیان پێ دابین دەکرێ و بایی ناردنە دەرەوەش دەمێنێتەوە.. یەکەمین گیرسانەوە و جێگیربوونی ئادەمیزادیش لە دنیادا-لە چاخی بەردینی نوێ-هەر لە کوردستاندا بووە- گوندی چەرمۆی نزیک چەمچەماڵ، کە پشکنینە ئارکیۆلۆژییە زانستییەکان سەلماندوویانە.. بەواتا کوردستان پێشینەیەکی دوورودرێژی هەر لە چاخەکانی پێش مێژووەوە هەیە لە وەناوهێنانی زەوی و ماڵیکردنی ئاژەڵ و دروستکردنی واری جێگیربوون، کە دواییش دەستپێکی شارستانییەتی لێکەوتەوە..

ئەگەر ئەم پرسە گرینگە کە پەیوەندی بە ئێستاو ئایندەوە هەیە، بە نەخشە و پلانی زانستی بەڕێوەبچێ و و بایەخی بەقەد خۆی پێبدرێ. رەنگە لە چەندساڵی دادێ کوردستان بەڕەسمی گەنم و



دانەوێڵەی تری لەخۆ زیاد بنێرتە دەرەوەش.

باسی چوونەوە سەرکاری ئەو جووتیار و کشتیارانەش ناکەم کە بە زۆر راگوێزرابوون، هەروەها لایەنە ئیجابییەکانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیە و مسۆگەربوونی ئەمنییەتی بژێوی کە سەقامگیری و ئاسوودەیی دەهێنێ.

لایەنێکی دیکەش کە هەر پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە، ئەویش چاودێری راگرتنی هەموو ئەو خۆراک و خواردن و خواردنەوەیەی دێتە کوردستان لەڕووی تەندروستی و کارایی بەکارهێنان کە هەر دەچێتە ناو مەسەلەی ئەمنییەتی بژێوی.

**2004.7.22**

# ئەشکەنجەو ئەشکەنجەدران

**زۆر کەس هەن دەگرین، بێ ئەوەی بوار بدەن خەڵکیی فرمێسکیان ببینن، ئەمەش هێزیان پێ دەبەخشێ..**

**نازم حیکمەت لەشانۆگەریی (پیاوێکی سەیر)دا**

ئەشکەنجەدان لە مێژوودا پێشینیەکی دێرینی هەیە، بۆ یەکەمین جار لەلایەک لە مێزوپۆتامیا، بەتایبەتی پاش پێکەوەلکاندنی بە ئاگروئاسنی دەوڵەتۆکەکانی سۆمەری لەلایەن سەرجۆنی ئەکەدییەوە، کە هەموو ئەوانەی ئەشکەنجەدەدان بیانگوتبایە لەل!

لە میسری دێرینیش هەر بەوجۆرە بوو، لە کاتی بنیاتنانی ئەهرامەکانەوە بگرە، تا دەگاتە ململانێی توندی نێوان مەزەبەکانی پەرستن، لە نێوان یەکتاپەرست و ئەوانی تر.



گریگەکانیش ئەگەرچی ڕێگای ئازاردانیان لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانیاندا پیادە کردووە، بەڵام دیسان وەکو پرەنسیپ و کولتوور، ئەشکەنجەدانیان بۆ مرۆڤ بە کارێکی نابەجێ و ناپەسند زانیوە، بەوەی مرۆڤی تێدا زەلیل دەبێ، بۆیە پێیان وابووە ئەشکەنجەدان تەنیا بۆ بێگانە و کۆیلانە!!

لە چاخە مێژووییەکانیشدا هەندێ جۆرە ئەشکەنجەدانمان دیوە و بیستووە بەناوی وەرزشەوە بە بەرچاوی خەڵک جێبەجێ دەکرێ وەک تێکوەرانەی مرۆڤ و هەندێ لە گیانلەبەرانی لە وێنەی شێر و پڵنگ و گادا.

لە پیادەکردنی ئەشکەنجەداندا وا دێتە بەرچاو جەللاد و بینەر بچنەوە ناو یەک ئەڵقە، جەللاد وەک (سادی)یەک کە حەز بە ئازاردانی بەرامبەر دەکا و بینەریش وەک (مازۆشی)یەک کە ئارەزووی خۆ ئازاردانە بە بینینی ئازاردانی کەسێکی تر!

لەهەر خانەیەکیش دابنرێ، ئەشکەنجەدان لە نەستی جەللاددا، دەستەوەستان نییە لە چوونە ناو جوغزی دیالۆگ و تێگەیاندن و تێگەیشتنی بەرامبەر؛ رق و داخ لە دڵی و کوێربوونی گرێ دەروونییەکانی دەردەبڕێ..

بەهەر بیانوو و پاساوێک بێت ئەشکەنجەدان کورت هێنانە لە دیتنی بەرامبەر وەک مرۆڤ، وەک ئادەمیزاد.. هەروەها کورت

هێنانه له بەرامبەر (خود)یش.. کە خودیش لە جەستە ئاوا دەبێ، شتێک نامێنێ بەناوی مرۆڤ، ئەوەی دەشمێنێ له درەختێکی وشکەوەبوو دەچێ له بەرامبەر باهۆزی گۆڕاندا خۆی ناگرێ..

ئەگەر نموونەت ویست، لەوانەی بە ئەشکەنجەدان و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر گەیشتنه لووتکە و ویستیان بەرز بفڕن تا هەتایێ.. زۆر دوور مەڕۆ.. شایانترین نموونه (سەدام حوسێن)ە، کە ئەوەتا بەهەموو پێوەرێک ڕەزیل بووە و کەرامەتی شکاوە..

ئەوانەی لە یەکەم چرکەساتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بیر له ئەشکەنجەدان دەکەنەوە ئینجا هەر چەشنێکی بێ، نەخۆشن و لەهەر پلەوپایەیەک دابن شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوەن و پێویستیان به چارەسەری دەروونی هەیە.

**2004.5.27**



# پرسی ناسنامه

**ئەی هەسارەی مەزن!**
**تۆ چ بەختیارییەکت دەبوو، ئەگەر ئەوانه نەبان**
**بۆیان دەدرەوشێیتەوە..**

**نیتشه**

ئەمڕۆ کە خەریکە دنیا لە قەڵەمڕەوی جیهانایەتیدا، بەهەموو رووە ئاکتیڤ و نێگەتیڤەکانی راگیردەبێ.. پێشهات و گۆڕانکارییە خێراکان دەمانبەنەوە ئەو ئاقارانەی پرسی ناسنامەمان بەبیر دەهێننەوە؛ کە ئایا لەم سەردەمەدا ئێمەی بەکۆمەڵێک یادەوەری کارەساتاویی گرێدراو چ دەتوانین بەو ئاست و بارەی خۆمان، لەناو هەڵلای جیهانایەتیدا بۆ پاراستنی ناسنامەکەمان بکەین؟

داخۆ لە کۆمەڵگەی دواکەوتوومانداا، نەخشەی چ ستراتیژیەتێکمان پێ دەکێشرێ، بتوانین لە ئایندەیەکی زۆر دوورنا؛ ئامرازە پێویستەکانی بەجێهێشتنی دواکەوتوویی پێ دەست بخەین؟.. بڵێی کەشوهەوایەک بۆ رووناکبیران هەڵبکەوێ دوور لە ناچاربوونی هەڵەگۆیی، تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانی رابردوو کلیلی دەرگا داخراوەکانمان نەداتە دەست، کاتێ بەمۆدی کۆمەڵێک زاراوەی بریقەدار سەرخۆش کرابووین.. بەڕادەیەک وای لێهاتبوو باسکردنی قەومایەتی و ناسنامە و تایبەتایەتی خاک و زێد، شتێک بوو نزیک عەیبە!!

ئێستاش بەهەمان پێودانگ، بەڵام ئەمجارە بە تەوژمی بێ ئامانی، سەروبن نادیاری جیهانایەتی (لەگەڵ جیاوازی ئاراستەکان)، لە نەداریمان بێ یا لە روون نەبوونەوەی، رەهەندەکانی خەریکە بێ پەرواو، بێ ئاوڕدانەوە لە رابردوو و سەیرکردنی ئایندە، وەک لەوە خاترجەم بووبین بۆ کوێ دەچین، بێ ئەوەی تێشوویەکی تێرمان پێ بێ لەگەڵێدا کەوتووینەڕێ..

راستی پرسی ناسنامە لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هێشتا کەلەبەرەکانی رووناک نەبوونەتەوە، دەخوازێ بەلەترکزەیی و بەهەستی بەژیان و بەئایندەوەنووسان، بەرەچاوکردنی مەودا مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکان تەماشا بکرێ، ئەگەر بمانەوێ زەمینەیەکی پتەو لە چەسپاندن و جێگیرکردنیدا،



بەتایبەتی لای نەوەی نوێی بۆ بڕەخسێنین، وەک خاڵی دەسپێک لە بنیاتنانی قەوارەی سەربەخۆ، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو قەوارەیە وەکو شکڵ لە چ حاڵێکی سیاسی و یاساییدا دەبێ، با گریمان رووخساری یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیش بێ لەگەڵ گەلانی دەرودراوسێ کەساڵەهایە لەگەڵماندا دەژین.. ئەمە وا نابینرێت دژ بە کراوەیی و پێکەوەژیانی شارستانی بێت، بەقەد ئەوەی بوونی هەموولایەک دەپارێزێ لە رێگای پاراستنی ناسنامە و بەهەندگرتنی تایبەتایەتی هەرلایەک ستراتیژی نەتەوەییمان لەو بارەدا دێتەدی کە ئیتر وا بەئاسانی رێگایەک نەگرینەبەر نەزانین دەگاتە کوێ، با ئەو رێگایە گریمان قیرتاوبێ و رێبواری زۆریشی لەسەربێ.. با هەوڵ بدەین نەگاتە ئەوەی جیهانایەتیش وەک مۆدێکی سەردەم لەدووڕا سەیر بکرێ و هیچی تر نا!

**2004.8.5**

# پرۆژەی 1000 کتێبی کوردی

لە پەیوەستبوون و ڕێڕوونی و بەهرەگیریدا، خەیاڵ ناکەم بۆ مرۆڤ شتێک هەبێت جێگای کتێب بگرێتەوە.. کتێب هەمیشە، سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی هەموو ئەو رووبار و جۆیبارانەیە کە مەودای تێگەیشتنمان بەرهەڵتر و بیناییمان دووربینتر و ئاوێنەی کاکی بە کاکی بیرکردنەوەمان رەنگینتر و گەشتر دەکا.. کتێب ئاودەنگی تەنیایی و پەنا و سەبووریی بێ پەنایانیشە.. شارستانییەت یەکێک لە سیماکانی کتێبە لەباوەشی بنیاتنەرانیدا.. میللەتانی زیندوو، ئەو میللەتانەن، پرۆسەی خوێندنەوەیان لەناودا دەبێ بەخووی رۆژانە.. لەوەڕا دەزگا پەیوەندارەکان، لەپێشەوەیان وەزارەتی رۆشنبیری لە سەریانە هەوڵ بدەن بەهای کتێب بگەڕێننەوە دۆخی جارانی،



ئەو جارانەی کتێب لە رۆژگارە بەترس و ڕەشەکاندا، ببوو بە دیواری ئومێد و ئاسوودەیی پشتمان پێدابوو.. دەخوازێ پرۆژەیەکمان بەو ئاراستەیە هەبێت و ئیتر لە کاری لابەلایی بێ نەخشە و پلان دەربازبین کە لەگەڵ گیان و کەشوهەوای سەردەمدا نایەتەوە.. بەنموونە وەزارەتی رۆشنبیری، وەک هەنگاوی یەکەم پرۆژەی 1000 کتێبی کوردی لە بوارە جیاجیا و پێویستەکاندا دەست پێبکا، تا دەزگا و دامەزراوی دیکەش چاوی لێبکەن.

لەو مەیدانانەی ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی پێویستی پێیان هەیە.. کەوای دەبینم لەم تەوەرانەی خوارەوە کۆدەبنەوە، کە هەر تەوەرەیەک ژمارەی کتێبەکانی دیاری بکرێ:

**یەکەم:** تەوەری وەرگێڕان.

**دووەم:** تەوەری مێژووی کورد و کوردستان.

**سێیەم:** تەوەری ئەدەب و هونەر و رۆژنامەنووسیی.

**چوارەم:** تەوەری کتێبی منداڵان.

**پێنجەم:** تەوەری زانیاریی گشتی.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیەش مانگنامەیەکی کولتووری گشتی سەر بەهەمان پرۆژە بڵاوبکرێتەوە و بایەخ بەم سەرە قەڵەمانە بدا..

A– مەسەلە پەیوەندارەکان بەدیراسەتکردنی رۆڵی وەرگێڕان بۆ کوردی.

B– چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەنددار بە:

- شانۆی کوردی.
- سینەمای کوردی.
- رادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردی.
- هونەری شێوەکاری کوردی.

C– لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەفسانە.

D– لێکۆڵینەوە دەربارەی فەلسەفە.

E– لێکۆڵینەوە دەربارەی ئارکیۆلۆژیا و دیرۆکناسی.

F– چەند تەوەرێک دەربارەی:

1- تاقیکردنەوەی ژاپۆن بەگشتی و وڵاتانی هاوشێوەی ژاپۆن.

2- سەدەی بیست و یەکەم.

3- جیهانایەتی و سیستەمی نوێی دنیا.

4- کولتووری نەنووسراوی کورد.

ئێمە هیچمان لە میللەتانی دەرودراوسێ کەمتر نییە تاکە



بیرمان لە چەندین پرۆژەی لەو چەشنەدا کردەوە ببرێتە خانەی مەحاڵ، ئەگەر رۆشندڵانە و بەتاوی ئینتیمای نیشتمانی و بەپێداچوونەوەی هەندێ لەو حیسابات و کیتاباتانەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەو نێوانە، بۆ پاراستنی لە پەتای گەندەڵی، دڵنیام دەتوانین لە ماوەیەکی پێوانەییدا پرۆژەی لەو چەشنە بگەیەنینەجێ کە نەک هەر سیما و چەهرەی نوێمان دەردەخا، هەنگاوەکانیشمان خێراتر و بەرچاویشمان روونتر...

**2004.8.25**

## (من)ـايەتی لەتۆغیانی هەڵکەوتنیدا

خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێ لەوەتەی ئادەمیزاد قۆناغی کۆکردنەوەی بژێوی بەجێ هێشتووە و گەیوەتە قۆناغی جێگیربوون و عاقڵی بە پاوان و پاوانخوازی شکاوە، کەڵکەڵەی منایەتی تێدا بزوتووە..

با شاش نەچین، مەبەست لێرە هەر ئەو منایەتییە نییە کە بیریارانی چەپ و راست لێکیان داوەتەوە.. بەقەد ئەوەی باس لە دڵتاریکی و کینەجوویی و چزووەشێنی و فشار پێکهێنانە.. بە چاپلوسی و خۆدیدەیی و هەموو ئەو دەرگا و بانە ئاشکرا و نهێنییانەی دەچنەوە سەری.



ئێستا منایەتی بە هەڵپەیەک لە کۆمەڵگەدا تەشەنەی کردووە، دەرفەتی لێکهەڵاوێردنی نەوەکانیشی وێکهێناوەتەوە.. تۆ دەتوانی منایەتی چۆن لە بەناو تەمەندا چوویەک ببینی، ئاوەهاش لە تۆلازێکی هەرزەکار، لە گەنجێکی کامڵدا هەست پێ بکەی..

با خەیاڵمان دوور نەڕوا کە لەوە حاڵی نین بەشێکی رواڵەتی پێشکەوتن لە خۆ خوێندنەوەدایە، کە رەگەزی ململانێ دروست دەکا، بەڵام ئەو دیاردەیەش کە دەگاتە سنووری بەخۆوەژییەتی و حیساب نەکردنی بەرامبەر تەنانەت لەوەندەی لە توخمی ئادەمیەتدا کۆدەبنەوە، شیرازەی ژیان لە باڵ یەک دەردێنێ، بنیادەم ئەو بوونەوەرە جوانە، لە باتی ئەوەی ببێتە کانگەی کۆڕگەرمی و جوانیی ژیان و درەوشانەوە، زۆر لەو گیانەوەرانە دڕندەتر دەردەکەون، کە ئێمە وەک ئادەمی و مرۆڤ بە دڕندەیان ناو دەبەین.. هەر ئەو منایەتیەشە کە لە بەتەنێی و یەک یەک ژیاندا سەرچاوە دەگرێ و رادەی ئەم پەڕی (عەدالەت)یش بە زیندووی چاوان دەنێژێ، بەو ئاستەی (منایەتی) خودی خۆیشی لەبیر دەباتەوە، ئینجا تۆ بیری لێ بکەوە..

ئەوەش تیوراندن و پرسیارپێچکردن نییە، دیاردەیەکە ئەگەر لەگەڵ سرووشتی ئادەمیزادیشدا بێ، هیچ وەختێک وەک ئێستا دیار و هەڵکەوتوو دوور لەوەی پێی دەگوترێ ویژدان..

پەرەسەندوو نەبووە، بەو چەشنە هەموو چین و توێژ و ئاست و وەچە جیاوازەکانی گرتۆتەوە..

هیچ وەختێکیش بەو جۆرە ئاسۆی بە نادیاری نەشاردۆتەوە و بە لێڵی دەرنەخستووە. لێرەڕا دەخوازێ تا ئاسۆمان بەدوایی لێ ون نەبووە بڕیار بدەین بە هەر ڕادەیەکی وەک مرۆڤ لەسەری کۆک دەبین پێکەوە بین..

با تاقیی بکەینەوە.. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ..

**2004.8.28**



# تاوانی ڕاگواستن

**(ئوور) کاول کرا**
**لاوانەوەی (ئوور) تاڵە.. بە ئێشە.**
**خوداوەندیش کە ماڵی تێدا خرابووە،**
**لە شین و گریانی (ئوور)دا هاوبەشە..**
**داخۆ چەندی دی لاوانەوە بە ئیشەکەت دەمێنێ ئەی ئوور!**
**(سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز)**

لەو باوەڕەدا نیم هیچ پرۆسەیەکی زۆرداریی ئاکامگر (سوێندی چەکی کۆکوژ ناخۆم) ئەوەندەی راگواستنی دێهاتەکانی کوردستان، لە پاشانیشدا هەڵتەنکاندن و رووخاندنیان کاریگەربووبن..

وتم پێموانییە هیچ پرۆسەیەک بەقەد راگواستنی نزیکەی چوار

هەزار گوندی کوردستان کاریان لە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کردبێت، بەڕادەیەک رەنگە تا دوو (تۆ بڵێ سێ) نەوەی تریش کاریگەریی بمێنێ..

بەڕاگواستن و تەختکردنی ئەو گوندانە، لە گرێژنەچوونی رواڵەتە سەرەکییەکانی ئابووریش لەولادانێ، رەگەزی متمانەیشی لای مرۆڤی کورد لەق کرد و لە مرۆڤێکی بەرهەمهێنەوە لە گوند، بوو بە مرۆڤێکی بەکارهێنی، چاو لە کۆمەکی، دەست بەتاڵی، بێ بەرهەم...

ئاخر هەڵخلیسکان و بڕوا لەق بوون بە ئینتیما و بە ئایندە لێرەوە، بەو ئەگەر و هۆیانەوە دەستی پێکرد و ئەوەی لێکەوتەوە کە لێی کەوتەوە، کە ئێستاش دوای زیاتر لە سێزدە ساڵی ئازادی، نەک هەر کاریگەریی ماوە، بەڵکو سیماکانیشی ون نەکردووە. ئەمە لەڕووی ئابوورییەوە، دیارە بۆ باسی کاریگەریی کۆمەڵایەتیش ئەسکەندەرنامەیەکی دەوێ..

هەر بەخۆت تێفکرە و بیری لێبکەوە کاتێ بنەما ئابوورییەکان نامێنن و خەڵکی لە زێد و واری باووباپیرانیان بە زۆری زۆردار هەڵقەنان و هاتن ئەوەی ئەنفالیان کرد، ئەنفالیان کرد و ئەوی دیشیان، لەلایەک وەک ئاردی ناو دڕک بڵاوەپێکرد و لەلایەکی دیکە هەر کۆمەڵەی لە شوێن و جێگایەک هاتبوو، لە بیابانان لە دەوروبەرێک جێگیرکرد، کە لەهەردوو دینیان کردن و ژیانیان نە



شارستانی بوو نە گوندی، داخۆ شیرازەی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو گوندنشینانە چی بەسەردێ؟ باسی لایەنی دیکە ناکەم، بە نموونە تێکدانی ژینگە بەدەستی ئەنقەست، کە لە خۆیدا تاوانێکی سەربەخۆیە..

برینی راگواستن و رووخاندنی گوندەکان، یادەوەری بەرائەتپۆش و سەرچاوە پاکەکانی منداڵیی هەزاران هەزارمانی کوشت.

خەیاڵ بۆ ئەوە دەڕوا دادگا تەنیا بەو تاوانە، (تاوانی راگواستنی گوندەکانی کوردستان) سەدام حوسێن و دارودەستەکەی بە سێدارە حوکم بدات، بەڵام بە مەرجێک پێش ئەوەی بگەنە سەرەمەرگ، نەهێڵن بمرن تا دوو سێ و چوار و پێنج جار پێدا دێنەوە و دووبارەی دەکەنەوە.

هەر لێرەوە دانانی پلانێکی شایستە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە و بنیاتنانەوەی دەروونی و رۆحی کۆچپێکراوان و هاندانیان بۆ گەڕانەوە و بەرپاکردنی پرۆسەی کۆچی پێچەوانە لەوانەیە درەنگ بێ زوو نەبێ..

بەڵام ئایا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی کێدایە؟

دیارە پێشەکی (وەک نەریتێکی رۆژهەڵاتیانەش) لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانە.. هەوڵ بدات لەگەڵ لایەنە بەرپرسە پەیوەندندارەکان لە ناوەند، هەروەها لەگەڵ رێکخراوە

خێرخوازەکان ئالیەتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە پێکبهێنرێ و کاری بۆ بکرێ و ئاستەنگەکانی ئاوەدانکردنەوە و پێداویستییە سەرەکییەکانی گەڕانەوەی دانیشتووانی دێهاتەکان لەبەرچاو بگیرێ، لە پێشەوەیان مەسەلەی ئەمن و ئاسایش و رێگاوبان و خوێندن و تەندروستی و پرۆژەی خزمەتگوزاری دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە، هەروەها هەڵگرتنەوەی مینەکان کە لە وەختی جیاجیادا لە دێهاتەکانی کوردستاندا چێنراون و تائێستاش کاری جیدی بۆ هەڵگرتنەوەیان نەکراوە.. بەڵام هەقە دانیشتووانی ئەو گوندانەش بێئومێد نەبن و وەک هەمیشە چاویان لە ئاسۆ بووە هەروابن و بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە لە چوونە یاریی دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دوانەکەون.

**2004.7.12**



## بەقەڵەمی رۆژنامەنووسێکی عێراقی

خالید قشتینی، رۆژنامەنووسێکی ئێراقییە، لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی کاردەکا، هەر لەو رۆژنامەیەش رۆژانە گۆشەیەک دەنووسێ.

قشتینی لەو گۆشەیەی دەینووسێ، رۆژی 9ی تەمموزی 2002 دەڵێت: «لە وتارێکدا وتبووم «خالید قشتینی وا دەڵێ»: جووڵانەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کە هەوڵی دەدا لە دەست ئیمپریالیزم «وای نووسیوە» رزگاری بێت، لە ئەساسدا ئەوانەی زیاتر داکۆکییان لە رزگاربوون دەکرد، ئەوانە بوون لەسەردەمی عوسمانیدا فێری دزی و بەرتیلخۆری ببوون و دەیاندی ئینگلیزەکان رێی ئەوەیان لێدەگرن، بۆیە بەناوی شۆڕش بەڕوویاندا دەوەستان..

بەو ڕەنگە مرازیان حاسڵ بوو و سەربەخۆییان دەست خست و هاتنەوە سەر پیشەی جارانیان لە دزی و بەرتیلخۆریی.. لەمبارەیەوە هەندێ لە برادەران لۆمەیان کردم و گوتیان: خالید دەزانی تۆ هەندێ جار تێدەپەڕێنی؟ بەقسەی تۆ بێ هەموو ئەو زەعیمانەی زیندان و دەربەدەرییان لە پێناوی سەربەخۆییدا بینیوە دزبوون؟ قشتینی بەباسکردنی یەکێک لە سەرەک وەزیرەکانی ئەوسا وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: «لەو زەعیمانە براینە باسی جەعفەر عەسکەریتان بۆ دەکەم، ئەو پیاوە لە دژی ئیستیعمار لە لیبیا شەڕی کرد و لە شۆڕشی عەرەبیدا بەشداربوو و خەباتی لە پێناوی سەربەخۆیی عێراقدا کرد...

ئەو پیاوە لە دەوڵەتی عێراقیدا بوو بە وەزیر، ئینجا سەرەک وەزیران تا ئەوەی زەعیمێکی نیشتمانپەروەری دیکە کوشتی و لە کۆڵی کردەوە..

ماوەیەک لەمەوبەر بیرەوەری تۆفیق سویدی سەروەزیرانم دەخوێندەوە، هەرچەندە عادەتیشم نییە وەختی خۆم بەو جۆرە شتانە بچوێنم، چونکە بیرەوەرییەکانمان تێکەڵەیەکی عەجیبن لە نێوان درۆ و واقیع، مرۆڤ نازانێ چۆنیان لێک جیابکاتەوە..

بەهەرحاڵ وەک لە بیرەوەرییەکانی سویدیدا خوێندمەوە ناوبراو -میری لیوا جەعفەری عەسکەری «وای نووسیوە» لەسەردەمی دەسەڵاتی نیشتمانیدا دەستی بەسەر زەوییەکی گرانبەهای



کەناری دیجلەدا گرت لە باشترین شوێنی بەغدا لە گەڕەکی عیوازییەدا.. ئەو زەوییە دیارە ئەمیری بووە، ملکی دەوڵەت.. میری لیوا عەسکەری دەستی بەسەردا دەگرێ و قەسرێکی گەورە بۆ خۆی لەسەر دروست دەکا کە بەسەر دیجلەدا دەڕوانێ «موبارەکە» ، ئەوەشی لەبەری دەمێنێتەوە بە نرخێکی لە مستەحەق پتر دەفرۆشێتەوە دزەکانی تر! وەزیری دارایی ئەوسا ساسۆن حسقیل بووە، ئەو وەزیرەی تائێستا کەس بەقەد ئەو خزمەتی ئابووریی عێراقی نەکردووە.. حسقیل بە مەسەلەی ئەو ئەرزە دەزانێ و لای مەلیک فەیسەڵی یەکەم و تۆفیق سویدی سەرەک وەزیران خەبەر لە میری لیوا دەدا.. بەڵام وادیارە بەهیچ نەچووە.. دوای چەند مانگێک ئەمینداریێتی پایتەخت شەقامی سەرەکی ئەو ئەرزە دزراوە بە ناوی شەقامی عەسکەریی ناوزەد دەکا و وەزارەتی موعاریفیش دوو قوتابخانەی لەسەر هەمان ئەرزی دزراو بەناوی قوتابخانەی عەسکەریی کوڕان و عەسکەریی کچان کرد.. بەو جۆرە ئەمە یەکەمین جاربوو ناوی دزێک لە شەقام و قوتابخانان بنرێ..» خالید قشتینی باسی شتی دیکەش دەکا.. بەڵام تا ئێرە بەسە.. دیارە مشتێ نموونەی خەرواریکە..

**2004.6.15**

## سیاسەت

**ئەوەی باڵندە نییە**
**وا باشترە لە بەرزایی و هەڵدێران هێلانە چێ نەکا..**
**نیتشە**

یاقووتی شاراوە، لەو قووڵاییانەدایە کلیلەکانی تێکەوتووە.. حەقیقەت وەک ڕۆژێ لە ڕۆژان هیراکلیتس گوتی بۆ هەموو کەس نییە، حەقیقەت تەنیا بۆ ئەوانەیە هێزیان هەیە.. مرۆڤ ئەوەندەی ئولفەتی بەهەردوو شۆڕشی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا گرت و لەگەڵیاندا هاتەوە.. پێناچێ ئەوەندە متوی شۆڕشی گەیاندن و پێکبەستنەوە و دەرهاویشتەکانی بێ..

دەگمەن و نائاشنایی لەیەک سەرچاوەوە دێن و وەهمەکان لە خەیاڵاندا جێگیر دەکەن..



چیت دەوێ بۆت باس بکەم؟

هەمووی ئاکام دەبێتەوە خۆڵەمێشی ئەوەی پێی دەگوترێ (سیاسەت)، کە پاشان خاکەشێ بە ڕێژنەیەک شوێنەواریشی نامێنێ..

ئەو چەشنە ئاگردانانە سپێدەیان لێ دەرناکەوێ..

ئەوەش یارییەکی دیکەیە لە ئۆلۆمپیادی خۆهەڵخستن و قەڕڕوحی، کە نە سەرەتای دیارە نە کۆتایی...

ئاوازی مرۆڤێتی تێدا ونە...

هەموومان بەشتێکەوە خەریکین تێیدا بەڵەد نین..

هەموومان بە سیاسەتەوە مژوولین و ڕێگامان لە ئەهلی کار تەنگ کردووە..

یاقووتی شاراوە لەوێدا نییە براو خوشکینە (باوەکو ئەمڕۆ خێری زیاتر بێ)..

یاقووتی شاراوە ئەوەتا؛ لەو کێڵگە مەزڵوومانەیە کە ڕەگی مرۆڤیان تێدا ڕواوە...

**2004.9.14**

## شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا

(ئەدۆنیس)ی شاعیر بێرووت بە چەند سندووقێک دەشوبهێنێ، تاریک و داخراو...

ئێستا شارەکان وەک جاری جاران نەماون کە لە تێکستێکی لیریکی دەچوون و بە گەلێک یادەوەری قۆناغە جیاجیاکانی تەمەن هەڵدەبوون.. شارەکانیش وێنەی ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین هەڵپەی شتێکیانە نازانن چییە.. بەخێرایییەکی نەگەڕ و بێهودە بەڕێوەن، بەڵام بۆ کوێ؟ خۆشیان نازانن!!

ئەدۆنیس هەر لە باسی بێرووتدا دەڵێ: بێرووت لە شوێنەواری رۆژئاوا دامالڕن لە دوو شتی زیاتری تێدا نامێنێتەوە، مزگەوت و دێر...



(شار) هەڵکەوتێک نییە لە دەرەوەی مێژوو.. لە دەرەوەی جوگرافیا، بۆیە تا بکرێ دەخوازێ لە کەلەپووری کەڵەکەبووی خۆیەوە گەشە بکات، بەنەخشەو پلانێک رێگە نەدرێ لە سرووشتی دەوروبەریدا بتۆرێ..

ئەمە کاری ئەندازیارەکانمانە، کە جێی داخە بە میتۆدی باڵانوێن کار ناکەن، بۆیە دەبینی بیناکانیشمان وەک خۆمان چاو لە دەورو و دوور لەو ئاهەنگەیە پێی راهاتووین..

رواڵەت و ناوەڕۆکی شارەکانمان لە پێویستی ئادەمیانەدا سەرچاوە ناگرێ، لەوەڕا سەیر دەکەی هەمیشە دەوروبەر رەتیان دەکاتەوە..

شارەکانمان زیاتر لە کۆمەڵێک کوتلەی کۆنکرێتی و مەڕمەڕی کەڕوڵاڵ دەچن بە تەک شەقام و شۆستەی بەرتەنگ و هەناسەسوار، گوێ لە رۆڵە خەمخۆرەکانیان ناگرن، ئەوانەی مەبەستیانە لەگەڵ سرووشتی خۆیدا بیهێننەوە و لە یادەوەریی دەستەجەمعیدا جێی بکەنەوە...

شار لە حاڵەتی ئێستایدا وا دێتە پێش چاو پەناگەیەکی کاتیی بێ، بە زۆر نەبێ هیچ کۆڕێکی لێ گەرم نابێ... لە گرێژنە چووە، بەندی چیمەنتۆی کەڵەکەکراوی سەریەکتر و بە نەخشەی خواستراوی نامۆوە پساوە..

نەگشتی رەها دەردەبڕێ، نە لەسەر بناغەی خۆیدا هەڵنراوە، بەڵکو لە روانینی یەکلایەنەی سەقەتەوە، بەڕادەیەک ساختمان و بیناکان لە میکانۆی دەستی منداڵان دەچن.. جوانن، کە خانوویەکی جوانی پێ دروست دەکرێ، بەڵام بێگیانن.. دوورن لە ژیان..

دەخوازێ پێش ئەوەی لە شارەکانمان هەڵبێین، هەوڵێک بەو ئاراستەیە بدرێ شاری تۆراو لەگەڵ دانیشتووانیدا ئاشت بکرێتەوە...

**2004.6.12**



# شەرعیەتی داهێنان شەرعیەتی هاووڵاتیبوون..

ئەگەرچی لەسەرەتادا زۆرمان خۆشویست و بەخۆشەویستی ئەو و چەند سومبولێکی دیکەی ئەدەبیاتی فەلەستینی گۆرانیمان بۆ چڕین، بەڵام کاتێ ئەویش نەیتوانی لەبازنەی شۆڤێنیایەتی ئەزەلییان دەربازی بێت و لە تاکە شیعرێکی(کوردستان)پەشیمان بووەوە، رووبەندەکان زیاتر داماڵران و حەقیقەتی چەهرە و سیمایان وەک زۆرجاری دی پتر دەرکەوت...

لەگەڵ ئەوەشدا(مەحمود دەروێش)ی شاعیری فەلەستینی لەو قسەیەیدا کە دەڵێ: دەبێ شەرعیەتی شیعر و داهێنان بەگشتی

و شەرعیەتی خەبات و هاوولاتیبوونی سوود بەخش لێک هەڵاویردرێن، راست دەکا..

لەو رێیەدا هەڵوەستەیەک پێویستە، تاریکترین شوێن ئەوەتا دەکەوێتە ژێر رووناهی چراوگ..

مرۆڤ ئافرێندراوە، مرۆڤییەتی خۆی هەست پێ بکا و پەیماننامە ئەبەدییەکانی خود لەگەڵ خۆیدا بە پیرۆزی بێڵێتەوە.. ئەوەی پێی دەگوترێ دادپەروەری،(ئەگەر بوونەوەرێک بەو ناوونیشانە هەبێ)؛ لە هونەر و ئەدەبیات و ئەو رێگایانەدایە رووەوە هاوسەنگیدان بە ژیان، دوور لەخۆنووسان و بارکەوتوویی هەڵدەبەسترێن.. بەدوای نووردا گەڕان کەم نییە.. دەخوازێ شتێک نەکەین هاڕمۆنیای خەیاڵناسکیی و ئاسمانگەڕیی.. بەختووکەدانێک بشێوێنین و شەرعیەتی باڵانمای پیرۆزگریی داهێنان بە تەواوی گڕوگاڵ و چەخماخە و تەنینەوە و رۆشنایی و دڵگەرمیی و روونبینیی و هەروایەتییەوە، بە شەرعیەتێک بسەپێنرێ کە تەنیا لە(ئایەتیی) و (نایەتی)دا گیراوە و بە هێزی لێگۆڕان و کوڕگەرم کردن و دەمار دەرهێنان و تێکشکاندنی هاوکێشەکانەوە، لە رۆژگارێکی زیوار زیوار و ماسکداردا سەری کێل کردبێتەوە.

لێرەیشرا دادخواز، ئەگەر بەلای بەری سیاسەتیشدا بشکێنێتەوە، مەترسییەک پێکناهێنێ، ئەوەندەی



خودی(بەحساب) داهێنەر و(رەها ) بەزانین بێ یان نەزانیی، لە زۆر خوازیی و گومڕاییدا لێی دەخا.. ئەمە لە خۆیدا چەپڵەکوتانە لە تیمە تەییار و ئامادە و پۆشتەکانی دڵنشینیی، لەپێناوی پاکانەی بەخۆنەوەستان و چاونزیی و بە سەرخۆدا زاڵ نەبوون..

دوو شتی لێک جیاوازن، شەرعیەتدان بە خود، لە رێی شەرعیەتی هاوولاتیبوون و وەرگرتن یا گۆڕینەوەی کارتی ئینتیمای هەڵکەوتن، لە تونێڵە مارپێچەکانەوە کە نەک جەوهەری رۆحیان تێدا ونە، رووکەشی پەیوەندییە لاوەکییەکانیش لەوێدا لەبن پێیان کەوتووە، دیارە هونەر و فەنتازیا و هەرچییەکی پێیانەوە بەندە کە مانایەکیان نامێنێ، خود و ناسکبێژی و شایان بوونیش لە ئەتمۆسفیرێکی لەو چەشنەدا جێی باسان نییە.

ئەم دوو شەرعیەتە، دوو شتی لێک جیاوازن، بابشیان بینین لەرێگادا پێکەوەن..

شەرعیەتی داهێنان، لە بە گوڕترین درەوشانەوەیدا و شەرعیەتی هاوولاتیبوون(کاتێ شەرعیەتی داهێنانی پێ دەسەپێنرێ) ، لە خەفەترین کوژانەوەیدا، دووشتی جیاوازن.

حوزەیرانی **2005**

# کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا

**بەئەوین و هیوا سوێندت دەدەم**
**پاڵەوانی نێو گیانی خۆت وەلامەنێ!**
**هیواکانی خۆت بە پیرۆز دابنێ..**

**«نیتشە»**

کرۆکی مەسەلەکە لێرەوە دەستی پێکرد. کۆتەڵساز، رموەشێنی مەیدان.. چارەنووسی یوسفەکان.. ئاگردز.. هەموو ئەو تافتانە(تارا)یەکیان پێ نەهۆنرایەوە!! مرۆڤ بۆ خوا بلێ وشە دەستەوەستان نەبوو، بەڵام رەنگە نەمان ویستبێ لە رۆحی



درەوشاوەی بدەین، ئەمەش هەستێکی بەسۆزە کە ئادەمیزادێک دەبینی خولانەوەی لەمەودای ئیستاتیکاوە پێ لەپێشتر بێ، لەوەی هیوا ستراتیژییەکانی کە ژیان بەرجەستە دەکەن بە شکۆیەکی وەختی بدا..

لێرەوە کۆلاژ بۆ من دیوەکەی تری شیعر بوو لە زەمانێکی ئیفلیجدا؛ با لەگەڵ رەوتی هونەری نوێیش بێ پەیوەندی نەبووبێ کە سەردەم بەویستن بێ یا بە نەویستن بەسەریدا سەپاندووین، بەڵام هەوڵێکیش بوو لە ئێوارەی مێژوو و رۆژپەڕی جوگرافیا بۆ ناسینەوەی بەهارە سووتاوەکان و رۆژگارە لەدەست چووەکان.. تەکنیکی ژیان بوو، بەر لەوەی تەکنیکی شێوەکاریەتی پەتی بەشێک لەو ژیانە بێت کە ناومان ناوە شێوەکاری یاخود هونەری شێوەکاری.

ئەم هونەرە رەنگە لە کوردستان بۆ یەکەم جار ئەگەر شەرەفی ئیش تێداکردنی بەمنیش بڕابێ، دیارە لە هونەری دنیادا نوێ نییە، تەنانەت بەر لەپەیدابوون و دانپێدانانی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەنێو ناوەندی هونەری ئەورووپا، لە هونەری هەرە دێرینی شارستانیەتی مێزۆپۆتامیا و میسر و دۆڵی سنددا بە شێوازێک لە شێوازەکان هەبووە.

لە حەقیقەتیشدا کۆلاژ وەک واژەیەکی رووت واتای(چەسپاندن) دەگەیەنێ-کۆکردنەوەی کۆمەڵێک پارچەی جیاجیا لە بابەت و

ڕەگەزی جیاجیاوە لە ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی ڕووبەڕێکی تر و پانتاییەکی دیکە و ڕوانینێکی تر..–

ئەمە وەکو واژەیەکی رووت... بەڵام بێگومان وەک هونەر، کۆلاژ هونەرێکی سەربەخۆیە ئەگەرچی لەسەرێک لەدنیای رۆژنامەگەرییەوە نزیکتر بێ تا هونەری شێوەکاری پەتی، بەڵام دیسان لە خۆیدا هەردێتەوە قاوخی هونەری شێوەکاری.. لەو گۆشەنیگایەوەش زۆر هونەرمەند پەنایان بۆ بردووە، کە بەڕاستی رەهەندێکی ناسکئامێزی هەیە...

کارکردن و تەکنیکی کارکردن لە هونەری کۆلاژدا، راستیی بەقەد ئەوەی ئازادی بەکارهێنانی کەرەستەی هەمە جۆر و مەودایەکی بەرفراوانی کارتێداکردنی هەیە، بەقەد ئەوەش بەرهەستیی بزاڤی شێوە جۆراوجۆر و فرە بابەتی لە بۆشاییدا کە هونەرمەند دەیەوێ زەمینەیەکی لێ پێک بهێنێ یا کەشفی نوێی پێ بکا، هەروەها دایەلۆگی هونەرمەند لەگەڵ رەمزو مەوداو رەهەندەکانیدا، هونەرێکە سەرکەوتنی تێدا بەو ئاسانییە نییەو نابێ ئەگەر پاشخانێکی مەعریفی و ئیستاتیکی لەپشتەوە نەبێ..

بۆ من کۆلاژ، وەک وتم دیوەکەی تری شیعر بووە، بۆیە دەبینی لە رووی تەکنیکی کارکردنیشمەوە پابەندییەکی رۆمانسڕەمزی لە تابلۆکانمدا دەردەکەون.. من لە کۆلاژدا هەست بە ئازادییەکی رەهاتر دەکەم، هەست بەو شێتیەتی و بەو وەهمانە دەکەم



کەپێموایە کەم و زۆر لە هەموماندا هەیە..

لەکارکردنیشمدا هەرگیز لایەنی ئیستاتیکی و تەکنیکی کارکردن و رۆئیای شێوەخوازیی لە مەودایەکی رەهاترم بە قوربانی ناوەرۆکێکی ئیفلیج نەکردووە.

لەپیشانگاکانمدا هەمیشە هەوڵمداوە ریتمی ونکراو لەناو ژاوەژاوی سەردەم بدۆزمەوە، لە کاتێکدا هاوسەنگیمان روو لە ئاوابوون بوو..

ئیتر ئەوەش وەهمێک بوو.. وەهمی خۆم بوو..

بێگومان خۆش نییە مرۆڤ بەبێ وەهم بژی.

**زستانی 2004**

# هەوڵە چاپکراوەکان

***1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا***

* ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد
نامیلەکە-چاپی 1984، بەناوی خوازراوی
(پاکزاد محمد کریم)، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان(لەشاخ)
چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1991
* پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەکوردی
لێکۆڵینەوە-گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا، پایزی 1986
* هەڵەی چاپ، ئەمڕۆ ئاسۆی دوا ڕۆژ
لێکۆڵینەوە-بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا1988
* وێنەو کاریکاتێرو تایپۆگرافیاو بەکارهێنانیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوە-بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و 86و 87)ی 1990.
* برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا-چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچێ، چاپی دوەم چاپخانەی خەبات 1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-1997.
* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان(ئاداک-ADAK)
پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن
لێکۆڵینەوە-ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە، هەولێر-1993، چاپی دووەم بە کتێب چاپخانەی خەبات دهۆک 1997
* درەختی بنکۆڵکراو:
پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسیانە بۆ باری ڕووناکبیری و کلتووری کوردی چاپی یەکەم کوردستان-1995، چاپی دووەم سوید 1996.
* چەند وتارو نووسینی تر هەر لەم بوارەدا لە شوێنی جیا جیا بە کوردی و عەرەبی.

***2) شیعر***

* ئەو شەوانەی خەون نایێ:
چاپخانەی (النعمان)نەجەف-1977
* تاڤگەی مەند
چاپخانەی (شفیق) بەغدا-1987

* چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی:
چاپی یەکەم- ئیتالیا -1994
چاپی دووەم- کوردستان- 1995

***3) لەبواری وەرگێڕاندا***
* نووستوی بەر باران:
شیعر، چاپی یەکەم- چاپخانەی (علاء)بەغدا-1980
چاپی دووەم- کوردستان- 2005
* ڕێگاوبان
پێنج چیرۆکی درێژو شانۆنامەیەک لە نیکۆلای خایتۆڤەرە-چاپی یەکەم-
چاپخانەی (الحوادث) بەغدا-1983 بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی حەیدەری.
چاپی دووەم-کوردستان-2005-دەزگای موکریانی.
* سەرتاییەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری
چاپی یەکەم- چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986
چاپی دووەم- کوردستان- 2005-دەزگای موکریانی.
* چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ:
شیعری نازم حیکمەت.
چاپی یەکەم-چاپخانەی (الزمان)بەغدا-1990.
چاپی دووەم- کتێبی ئەرزان- سوید-1996.
چاپی سێیەم- کوردستان-2005.
* دایکی کورد-دانییێل میتران
لە عەرەبییەوە 1996 - چاپخانەی خەبات-دهۆک.

***4) کاری شێوەکاری (کۆلاژ)***
**** پایزی چاوەکان***
کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا -چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر 1998.
*** چاوەکان.. هەمیشە چاوەکان...**
کڵاو ڕۆژنەیەک لە شەختەدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
5) (شرفە) بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی خەبات- دهۆک-1998.
6) بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکەو گۆشەی جیا جیا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

Şar le Helbunu
Kujaneweida

# City in it's Ignition & Extinguish

**Jounrnal essays**

**by:**

***Nazhad Aziz Surme***

**first edition**
**Kurdistan - 2005**